له بڵاوكراوەكانی ماڵپەڕی بەهەشت

# بیروباوەڕت

## وەربگرە لە

# قورئان و سوننەت

(خُذْ عقيدتَكَ من الكتاب والسنة)

نووسینی : شێخ محمد جمیل زینو

وەرگێڕانی

محمد عبد الرحمن لطيف

وتارخوێنی مزگەوتی (شێخ إبراهيم) / كەلار

چاپی سێ و دووەم ١٤٣٩ كۆچی

---

ماڵپەری بەهەشت

ba8.org

ماڵپەڕێكی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی یە و لە پێناو بڵاوكردنەوەی ئەو ئیسلامەیە كە سەلەفی صالح - پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێكی حیزبی نیە.

## ماڵپەری بەهەشت

**ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەکاتەوە کە دەبنە هۆی:**

١. شارەزاکردنی موسوڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر ڕێگا ڕاستەکەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە ڕەسەنەکەی ئیسلام،کە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەکانی شیرک و کوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان.

٤. وریا کردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان.

٥. پتەو کردنی برایەتی یەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

**ئامانجمان:**

ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەڵایەتی.

**خودایە داوات لێ دەکەین دامەزراومان بکەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر کار وگوفتارێکی جوان وچاک بەو شێوەیەیی کەخۆت لێی ڕازیت.**

**ستافی ماڵپەڕی بەهەشت**

# پێشەکی چاپی حەوتەم

بسم الله الرحمن الرحيم

سوپاس و ستایش بۆ خوای پەروەردگار ئەوا بۆ جاری حەوتەم ئەم نامیلەکەیە ئامادە دەکەمەوە بۆ چاپ لە پاش تەواوبوونی هەموو نوسخەکانی چاپەکانی پێشووی کە تاوەکو ئێستا (١٢٠٠٠) دوانزە هەزار نوسخەی لێ‌چاپ کراوە ...

دەتوانم بڵێم : هۆی سەرەکی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند خاڵێك ، لەوانە :

١ ـ گرنگی نووسراوەکە : چونکە باس لە گرنگترینی بابەتە شەرعی‌یەکان دەکات کە بابەتی **بیروباوەڕ و عەقیدەیە** .

٢ ـ سادەیی شێوازی داڕشتن و بەردەست خستنی زانیاری‌یەکان بە شێوازی پرسیار و وەڵام و ئاسانی وشەکانی کە بۆ ئەم ڕۆژگارە زۆر پێویستن بۆ ئەوەی موسڵمانان بتوانن بە ئاسانترین شێوە لێی تێبگەن و پێی سوودمەند ببن ، چونکە بەڕاستی وشە و زاراوەی زل و ڕەونەقداری بێ ناوەڕۆك مێشکی زۆربەی لاوانی ئەمڕۆی ماندووکردووە !

وە هەر لەبەر ئەم دوو خاڵەی پێشوو ـ سوپاس بۆ خوا ـ لە لایەن هەندێك لە مامۆستایانەوە بە وانە و دەرس دەوترێتەوە ..

**وەرگێڕ : محمد عبد الرحمن لطیف**

**کەلار / مزگەوتی ( عەلی کوڕی ئەبو طالب )**

(٢٥ / ذو القعدة / ١٤٣٠ ك ـ ١١ / ١١ / ٢٠٠٩ ن)

بسم الله الرحمن الرحيم

## پێشەكی وەرگێڕ :

خوێنەری بەڕێز : ناوەڕۆكی ئەم نامیلكەیە بریتـیـیـە لـە هەنـدێك زانیـاری سەرەتایی زۆر گرنگ سەبارەت بە (بیروباوەڕی ڕاستی ئیسـلام : بیروبـاوەڕی ئـەهلی سـوننە و جەماعـە) كـە بـە بەڵگـەی ئایەتـەكانی قورئـانی پـیرۆز و فـەرموودە صـەحیحەكانی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) پشتڕاسـتكراونەتەوە ، بـە شێوازی پرسـیار و وەڵام داڕێـژراوە بـە مەبەسـتی ئاسـانكاری تێگەیشـتن لـە زانیاری یەكان .

بۆیە بە پێویستم زانی وەریبگێڕمە سەر زمانی كوردی بۆ ئەوەی ببێت بە دەروازەیـەك بـۆ ئـەو كەسـانەی كـە دەیانـەوێت ئاشـنابن بـە بابەتـەكانی بیروباوەڕی ڕەسەنی ئیسلامەتی كە بە هـۆی لادان و چەواشـەكاری و لاسـایی كردنەوەی كوێرانە و بێئاگایی زۆرێك لە خـەڵك غـەریب و نـامۆ بـووە لـە نێـو كۆمەڵگای موسڵمانانـدا بە گشتی !

وە بە باشی دەزانم لەم پێشەكی‌یەدا دوو خاڵت بۆ ڕوونبكەمەوە :

**یەكەم** : پێناسەی بیروباوەڕ (**العقیدة**) كە بریتی‌یە لە :

زانیاری بە حوکمە شەرعی‌یە گرێدراوەکان لە دڵدا کە وەرگیراون لە قورئان و فەرموودە صەحیحەکانی پێغەمبەر (ﷺ) بە تێگەیشتنی سەلەفی صالّح .. وەك باوەڕبوون بە خوا و فریشتەکانی و کتێبەکانی و پێغەمبەرانی و بە ڕۆژی دوایی و بە قەدەر خێر و شەڕی ، هەروەها باوەڕبوون بە هەموو بوارەکانی غەیب .. و ڕەتکردنەوە و

بەرپەرچدانەوەی بیدعە و گومان و بیروباوەڕە پووچەڵەکان .

کەواتە بیروباوەڕ ـ لای ئەهلی سوننە ـ بەو زانیاری‌یە ڕاستانە دەوترێت کە لە دڵدا جێگیربوون و دڵی لەسەر گرێدراوە و قەبوڵی گومان ناکەن .

**دووەم** : سەرچاوەی وەرگرتنی بیروباوەڕ کە بریتی‌یە لە :

ئایەتەکانی قورئان و فەرموودە صەحیحەکانی پێغەمبەر (ﷺ) بە تێگەیشتنی سەلەفی صالّح و پێشەوایانی ئوممەت .

ئەمەیە سەرچاوەی وەرگرتنی بیروباوەڕی ڕاست و ڕەسەنی ئیسلامەتی ، جا هەر کەسێك لە هەر کات و شوێنێك بێت بیروباوەڕی لەم سەرچاوەیەوە وەرنەگرێت ئەوا دووچاری لادان (انحراف) و گومڕابوون (ضَلال) و تیاچوون (هَلاك) دەبێت ، پەنا بە خوا .

داواکارم لە خوای پەروەردگار لەسەر بیروباوەڕی ڕاست و دروستی ئیسلام دامەزراومان بکات تاوەکو مردن و پاشان لەسەری حەشرمان بکات لەگەڵ پێغەمبەران و پیاوچاکان و پێشەوایانی ئوممەت و زانایانی ڕەسەنی ئیسلام ...

وەرگێڕ :

**محمد عبد الرحمن لطيف**

**کوردستان/ گەرمیان / کەلار**

بسم الله الرحمن الرحيم

## پێشەکی دانەر :

إِنَّ الْـحَمْدَ للهِ نَحْمَـدُهُ وَنَسْـتَعِيْنُهُ وَنَسْـتَغْفِرُهُ وَنَعُـوْذُ بِاللهِ مِـن شُـرُوْرِ أَنْفُسِـنَا وَمِـنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ .

وَأَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيْكَ لَهُ .

وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُوْلُهُ .

أَمَّا بَعْدُ :

**ئەمە چەند پرسیارێکی گرنگە سەبارەت بە بیروباوەڕ و عەقیدە وەڵامیان دەدەمەوە لەگەڵ باسکردنی بەڵگەکانیان لە قورئان و فەرموودە ، بۆ ئـەوەی خوێنـەر دڵـی ئارامبگرێـت و دڵنیابێـت لـە ڕاسـتێتی وەڵامـەکان ، چـونکە بیروبـاوەڕی یەکخواپەرسـتی بنچـینەی بەختـەوەری مرۆڤـە لـە دونیـا و ڕۆژی دوایدا ...**

**داواکاریشم لە خوا کەوا سودی پێ بگەیەنێت بـە موسـڵمانان ، وە پـاك و پوختی بکاتەوە بۆ خۆی .**

# مافی خوا لەسەر بەندەکانی

**پ ١ / ئایا خوا ئێمەی بۆ چی دروست کردووە ؟**

وەڵام / خوا ئێمەی دروست کردووە بۆ ئەوەی بە تەنها بیپەرستین و هیچ شەریکی بۆ بڕیار نەدەین ، بەڵگەش بۆ ئەمە : خوای پایەبەرز فەرموویەتی :

﴿وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ٥٦﴾ [الذاريات] .

واتە : من جنۆکە و مرۆڤم دروست نەکردووە ئیللا بۆ ئەوە نەبێت کە بە تەنها من بپەرستن .

هەروەها فەرموودەکەی پێغەمبەر (ﷺ) : ((حَقُّ اللَّهِ عَلَى الْعِبَادِ أَنْ يَعْبُدُوهُ وَلاَ يُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا)) [متفق عليه / صحيح البخاري رقم : (٢٨٥٦) وصحيح مسلم رقم : (٣٠)] .

واتە : ماف و حەقی خوا لەسەر عەبدەکانی بریتی‌یە لەوەی کە بیپەرستن و هیچ شەریکی بۆ بڕیار نەدەن .

**پ ٢ / پەرستن (عیبادەت) بریتی‌یە لە چی ؟**

وەڵام / پەرستن (عیبادەت) : ناوێكی كۆكەرەوەیە بۆ هەموو ئەو گوفتار و كردەوانەی كە خوا خۆشی دەوێن وەك : دوعا و پاڕانەوە و نوێژ و حەیوان سەربڕین و جگە لەمانەش .

خوای پایەبەرز فەرموویەتی : ﴿قُلْ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ (١٦٢)﴾ [الأنعام] .

واتە : ئەی پێغەمبەر (ﷺ) بە خەڵكی بڵێ : بەڕاستی نوێژ و حەیوان سەربڕین و ژیان و مردنم هەمووی بۆ خوای پەروەردگاری هەموو جیهانە .

(**نُسُكِي** : واتە : حەیوان و ئاژەڵ سەربڕینم) .

وە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : خوای پایەبەرز فەرموویەتی : ((وَمَا تَقَرَّبَ إِلَيَّ عَبْدِي بِشَيْءٍ أَحَبَّ إِلَيَّ مِمَّا افْتَرَضْتُ عَلَيْهِ)) [صحيح البخاري رقم : (٦٥٠٢)].

واتە : عەبدەكەم بە هیچ شتێك لێم نزیك نابێتەوە خۆشەویست تر بێت لە لام وەكو ئەوەی كە فەرزم كردووە لەسەری .

## پ٣ / چۆن خوا بپەرستین ؟

وەڵام / خوا دەپەرستین بەو شێوازەی کە خوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) فەرمانیان پێ‌کردووین ، خوای پایەبەرز فەرموویەتی : ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَلَا تُبۡطِلُوٓاْ أَعۡمَٰلَكُمۡ ٣٣﴾ [محمد] .

واتە : ئەی ئەو کەسانەی کە ئیمان و باوەڕتان هێناوە گوێڕایەڵی بکەن بۆ خوا و گوێڕایەڵی بکەن بۆ پێغەمبەر و کردەوەکانتان پووچەڵ مەکەنەوە.

وە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((مَنْ عَمِلَ عَمَلاً لَيْسَ عَلَيْهِ أَمْرُنَا فَهُوَ رَدٌّ)) [صحيح مسلم رقم : (١٧١٨)] .

واتە : هەرکەسێك هەر کردەوەیەك ئەنجامبدات کە فەرمانی ئێمەی لەسەر نەبێت ئەوا ئەو کردەوەیە ڕەتدەکرێتەوە و قەبوڵ ناکرێت .

## پ٤ / ئایا خوا بپەرستین لە ترسی سزای و بە تەماحی پاداشتەوە ؟

وەڵام / بەڵێ بەو شێوازە دەیپەرستین ﴿واتە : بە ئومێدی ئەوەی کە لە سزای پارێزراو بین و بە چاکەیش پاداشتمان بداتەوە﴾ ، خوای پایەبەرز لە وەسفی ئیمانداراندا فەرموویەتی : ﴿يَدۡعُونَ رَبَّهُمۡ خَوۡفٗا وَطَمَعٗا ١٦﴾ [السجدة] .

واتە : پەروەردگاریان دەپەرستن و لـێی دەپاڕێنەوە لە ترسی سـزایی و بە تەماحی پاداشتییەوە .

وە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((أَسْأَلُ اللَّهَ الْجَنَّةَ ، وَأَعُوذُ بِهِ مِنَ النَّارِ)) [صحيح أبي داود رقم : (٧٩٣)] .

واتە : داوای بەهەشـت لـە خـوا دەکـەم و پەناشـی پـێدەگرم لـە ئـاگری دۆزەخ .

## پ٥ / ئایا چاکەکاری (الإحسان) لە پەرستندا بریتییە لە چی ؟

وەڵام / چاکەکاری (الإحسان) بریتییە لە : هەستکـــردن بـە چاودێـــری خوا لە پەرستندا .

خـــوای پایەبـــەرز فەرموویـــەتی : ﴿ٱلَّذِى يَرَىٰكَ حِينَ تَقُومُ ﴿٢١٨﴾ وَتَقَلُّبَكَ فِى ٱلسَّٰجِدِينَ ﴿٢١٩﴾﴾ [الشعراء] .

واتە : ئەو خوایەی کە دەتبینێت لە کاتێکدا کە بـە پێـوە وەسـتاوێت لـە نوێژدا ، وە لە کاتێکدا کە لە رکوع و سوجدەدا دەبیت .

وە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((الإِحسَانُ : أَنْ تَعْبُدَ اللَّهَ كَأَنَّكَ تَرَاهُ فَإِنْ لَمْ تَكُنْ تَرَاهُ فَإِنَّهُ يَرَاكَ)) [صحيح مسلم رقم : (٨)] .

واتە : چاکەکاری (الإحسان) بریتی‌یە لەوەی کە : خوا بپەرستیت وەکو ئەوەی کە بیبینیت ، وە ئەگەر تۆ خوا نەبینیت ئەوا ئەو تۆ دەبینێت .

## جۆرەکانی یەکخواپەرستی و سوودەکانی

**پ٦ / ئایا بۆ چی خوا پێغەمبەرانی ناردووە ؟**

وەڵام / خوا پێغەمبەرانی ناردووە بۆ ئەوەی بانگەواز بکەن بۆ پەرستنی و شیرك و هاوەڵبڕیاردانی لێ دوور بخەنەوە ، خوای پایەبەرز فەرموویەتی : ﴿ وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولًا أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ ﴿٣٦﴾ ﴾ [النحل] .

واتە : بە دڵنیایی لە نێو هەموو ئوممەتێك (کۆمەڵە مرۆڤێك)دا پێغەمبەرێکمان ناردووە بۆ ئەوەی پێیان بڵێ : بە تاك و تەنها خوای گەورە بپەرستن و خۆتان دوور بخەنەوە لە تاغوت (پەرستنی جگە لە خوا) .

(**الطَّاغُوت** : واتە : ئەو شەیطانەی کە بانگەواز دەکات بۆ پەرستنی جگە لە خوا) .

وە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((الأَنْبِيَاءُ إِخْوَةٌ .. وَدِينُهُمْ وَاحِدٌ)) [متفق عليه / صحيح البخاري رقم : (٣٤٤٣) وصحيح مسلم رقم : (٢٣٦٥)] .

واتە : پێغەمبەران برای یەكن و دین و ئایینیشیان یەكێكە .

**پ٧ / ئایا یەكتاكردنەوەی خوا لە پەروەردگارێتیدا (توحيد الربوبية) بریتیی‌یە لە چی ؟**

وەڵام / یەكتاكردنەوەی خوا لە پەروەردگارێتیدا (توحيد الربوبية) بریتیی‌یە لە : یەكتاكردنەوەی خوا لە كردارەكانیدا وەكو دروستكردن و بەڕێوەبردن و جگە لەمانەش ... خوای پایەبەرز فەرموویەتی : ﴿ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ۝٢﴾ [الفاتحة] .

واتە : سوپاس و ستایش بۆ ئەو خوایەی كە پەروەردگاری هەموو جیهانیانە .

وە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((أَنْتَ رَبُّ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ)) [متفق عليه / صحيح البخاري رقم : (٧٣٨٥) وصحيح مسلم رقم : (٧٦٩)] .

واتە : خوایە تۆ پەروەردگاری ئاسمانەكان و زەویت .

[الرَّبُّ : هو الخالقُ المالِكُ المُدَّبِر ، واتە : پەروەردگار بریتیە لە : بەدیهێنەر و خاوەن و بەڕێوەبەر] .

**پ٨ / ئایا یەکتاکردنەوەی خوا لە پەرستندا** (توحيد الألوهية) **بریتیە لە چی ؟**

وەڵام / یەکتاکردنەوەی خوا لە پەرستندا (توحيد الألوهية) بریتیە لە : یەکتاکردنەوەی خوا بە پەرستن وەکو : دوعا و پاڕانەوە و حەیوان سەربڕین و نەزرکردن ، خوای پایەبەرز فەرموویەتی : ﴿وَإِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَاحِدٌ ۖ لَّا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ الرَّحْمَٰنُ الرَّحِيمُ ﴿١٦٣﴾﴾ [البقرة] .

واتە : پەرستراوی ئێوە تەنها یەك پەرستراوە کە هیچ پەرستراوێك نیە شایستەی پەرستن بێت جگە لە ئەو نەبێت کەوا ڕەحمەت فراوانە و بە بەزەییە .

وە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی :

((فَلْيَكُنْ أَوَّلَ مَا تَدْعُوهُمْ إِلَيْهِ : شَهَادَةِ أَنْ لَا إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ)) [متفق عليه / صحيح البخاري رقم : (١٤٩٦) وصحيح مسلم رقم : (١٢١)] .

واتە : با یەکەم شت کە بانگەوازیان دەکەیت بۆ لای بریتی بێت لە : شایەتیدان بەوەی کە : هیچ پەرستراوێك نییە شایستەی پەرستن بێت جگە لە خوا (الله) نەبێت .

وە لە ریوایەتەکەی (البخاري)دا هاتووە :

((إِلَى أَنْ يُوَحِّدُوا اللَّهَ تَعَالَى)) [صحيح البخاري رقم : (٧٣٧٢)] .

واتە : با یەکەم شت کە بانگەوازیان دەکەیت بۆ لای بریتی بێت لە : یەکخواپەرستی [بە واتایەکی تر : یەکتاکردنەوەی خوای گەورە بە پەرستن].

**پ٩ / ئایا یەکتاکردنەوەی خوا لە ناو و صیفتەکانیدا (توحيد الأسماء والصفات) بریتیی‌یە لە چی ؟**

وەڵام / یەکتاکردنەوەی خوا لە ناو و صیفتەکانیدا (توحيد الأسماء والصفات) بریتیی‌یە لە :

سەلماندنی ئەوەی کە خوا وەصفی خۆیی پێکردووە لە قورئاندا ، یان ئەوەی کە پێغەمبەرەکەی (ﷺ) وەصفی پێکردووە لە فەرموودە صەحیحەکانیدا بە حەقیقەت ، بە بێ (تأويل) و (تفويض) و (تمثيل) و

(تعطيل)[1] ، وەکو (استواء)کردن لەسەر عەرش و دابەزین بۆ ئاسمانی دونیـا و دەست و جگە لەمانەش لەو صیفەتانەی کە لایەقن بۆ کـاملێتی خـوا ، خـوای

---

[1] بۆ تێگەیشتن لەم زاراوانە پێویستە پێناسەیان بکەین، بۆیە بە کورتی دەڵێم :

ـ (**تأويل :** هو صَرفُ اللفظ عن معناهُ الظاهر إلى معنًى مَرجوح بغير دليل) .

واتە : (**تأويل :** ) بریتییە لە : گۆڕینی واتای وشەکان لە مانا ڕاست و ڕواڵەتەکانیان بۆ واتایەکی دوور و نەگونجاو بە بێ بەڵگە .

ـ (**تفويض :** هو إثبات مُجرد اللفظ ، وتفويض العلم بِمعناه إلى الله وحده) .

واتە : (**تفويض**) بریتییە لە : سەلماندنی خوودی وشەکان بە تەنها و گێڕانەوەی زانینی واتاکانیان بۆ لای خوا بە تەنها .

ـ (**تمثيل :** هو إثبات المثل للشيء ، مُشتبهاً لهُ من كُلِّ الوجوه) .

واتە : (**تمثيل**) بریتییە لە : سەلماندنی نموونە بۆ شتێك ، کە لە هەموو ڕوویەکەوە وەك یەك بن .

ـ (**تعطيل :** هو عدم إثبات الصفات ، أو إثبات بعضها ونَفي الباقي) .

(**تعطيل**) بریتییە لە : نە سەلماندنی سیفاتەکانی خوا ، یان سەلماندنی هەندێکیان و نە سەلماندنی باقییەکەی .

=

هەروەها (ئەهلی سوننە و جەماعە) صیفات و ناوەکانی خوا پاك و بە دوور ڕادەگرن لە (**تشبيه**) و (**تكييف**)یش ، کە ئەمە پێناسەکەیانە :

ـ (**تشبيه** : هو إثبات المثل للشيء ، مُشتبهاً لهُ من بعض الوجوه) .

واتە : (**تشبيه**) بریتییە لە : سەلماندنی نموونە بۆ شتێك ، کە لە هەندێك ڕووەوە وەك یەك بن .

ـ (**تكييف :** هو حكاية كيفية أو صورة ذات الله وصفاته) .

پایەبەرز فەرموویەتی : ﴿لَيْسَ كَمِثْلِهِۦ شَىْءٌ ۖ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْبَصِيرُ ﴿١١﴾﴾ [الشورى] .

واتە : هیچ شتێك وەكو خوا نىيە و خوایش بیسەر و بینەرە .

وە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((يَنْزِلُ اللَّهُ إِلَى السَّمَاءِ الدُّنْيَا كُلَّ لَيْلَةٍ ...)) [صحيح مسلم رقم : (٧٥٨)] .

واتە : هەموو شەوێك خوا دادەبەزێت بۆ ئاسمانی دونیا .

دادەبەزێت : دابەزینێك كە لایەق بێت بە گەورەیی خواوە ، كە لێكچوواندنی تێدا نىیە بە هیچ یەكێك لە دروستكراوەكانی .

**پ١٠ / خوا لە كوێیە (أينَ اللَّه) ؟**

وەڵام / خوا لەسەر (عەرش)ـە لە سەرووی ئاسمانەكانەوە ، خوای پایەبەرز فەرموویەتی : ﴿ٱلرَّحْمَٰنُ عَلَى ٱلْعَرْشِ ٱسْتَوَىٰ ﴿٥﴾﴾ [طه] .

واتە : خوای میهرەبان و رەحمەت فراوان لەسەر عەرشە .

---

واتە : (**تكييف**) بریتیيە لە : گێڕانەوەی چۆنێتی یان شێوەی خوودی خوا و صیفاتەكانی .

واتە : (بەرزبووەتەوە بە سەر عەرشدا) وەکو چۆن لە (صحيح البخاري)دا هاتووە [بڕوانە : فتح الباري : (١٣ / ٤٩٣)] .

وە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((إِنَّ اللَّهَ كَتَبَ كِتَاباً ... فَهْوَ عِنْدَهُ فَوْقَ الْعَرْشِ)) [متفق عليه / صحيح البخاري رقم : (٧٤٥٤) وصحيح مسلم رقم : (٢٧٥١)] .

واتە : خوا کتێبێکی نووسیوە کە لە لای خۆیەتی لەسەر عەرش .

**پ ١١ / ئایا خوا لەگەڵ ئێمەدایە ؟**

وەڵام / خوا لەگەڵ ئێمەدایە بە بیستن و بینین و زانستییەوە ، خوای پایەبەرز فەرموویەتی : ﴿قَالَ لَا تَخَافَآ إِنَّنِي مَعَكُمَآ أَسۡمَعُ وَأَرَىٰ ٤٦﴾ [طه] .

واتە : [کاتێک خوای گەورە هەردوو پێغەمبەر (موسا و هارون)ی نارد بۆ لای فیرعەون پێیانی] فەرموو : مەترسن چونکە من لەگەڵتانم دەبیسم و دەبینم .

وە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((إِنَّكُمْ تَدْعُونَ سَمِيعًا قَرِيبًا وَهْوَ مَعَكُمْ)) ـ أي بعلمهِ ـ [صحيح البخاري رقم : (٢٩٩٢) وصحيح مسلم رقم : (٢٧٠٤)] .

واتە : ئێوە لە کەسێك دەپاڕێنەوە کە بیسەرە و نزیکەلێتانەوە و ئەو لەگەڵتانایە ـ واتە : بە زانستییەوە ـ .

**پ١٢ / ئایا یەکخواپەرستی (التوحيد) سوودی چییە ؟**

وەڵام / سوودی یەکخواپەرستی (التوحيد) بریتییە لە : ئاسوودەیی لە سزای خوا لە دواڕۆژدا ، وە هیدایەت لە دونیادا ، وە سڕینەوە و کەفارەتی تاوانەکان ، خوای پایەبەرز فەرموویەتی : ﴿ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَلَمْ يَلْبِسُوٓاْ إِيمَٰنَهُم بِظُلْمٍ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمُ ٱلْأَمْنُ وَهُم مُّهْتَدُونَ ﴿٨٢﴾﴾ [الأنعام] .

واتە : ئەوانەی کە ئیمان و باوەڕیان هێناوە و شیرکیان لەگەڵیدا تێکەڵ نەکردووە ئەوانە ئاسوودەییان بۆ هەیە و هیدایەتدراویشن .

(**بِظُلْمٍ** : واتە : شیرك و هاوەڵبڕیاردان) .

وە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((حَقُّ الْعِبَادِ عَلَى اللَّهِ أَنْ لاَ يُعَذِّبَ مَنْ لاَ يُشْرِكُ بِهِ شَيْئَاً)) [متفق عليه / صحيح البخاري رقم : (٢٨٥٦) وصحيح مسلم رقم : (٣٠)] .

واتە : ماف و حەقی عەبدەکان لەسەر خوا ئەوەیە کە : سزای کەسێك نەدات کەوا هیچ شەریکی بۆ خوا ئەنجامنەداوە .

❁ ❁ ❁

# مەرجەکانی وەرگرتن و قبوڵکردنی کردەوە

**پ١٣ / ئایا مەرجەکانی وەرگرتن و قبوڵکردنی کردەوە بریتین لە چی ؟**

وەڵام / مەرجەکانی وەرگرتن و قبوڵکردنی کردەوە لە لای خوا سێ مەرجن :

١ ـ ئیمان و باوەڕبوون بە خوا و پەرستنی بە تەنها (الإيمان بالله وتوحيده) ، خوای پایەبەرز فەرموویەتی : ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ كَانَتۡ لَهُمۡ جَنَّٰتُ ٱلۡفِرۡدَوۡسِ نُزُلًا ١٠٧﴾ [الكهف] .

واتە : ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە و کردەوەی چاکیان ئەنجامداوە چەندین باخیان بۆ هەیە لە فیردەوسدا و میوانداری دەکرێن .

وە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((قُلْ آمَنْتُ بِاللَّهِ ، ثُمَّ اسْتَقِمْ)) [صحيح مسلم رقم : (٣٨)] .

واتە : بڵێ باوەڕم هێناوە بە خوا و ئەنجا بەردەوامیش ببە لەسەری .

٢ ـ نییەت پاكی (الإخلاص) : كە بریتیـیە لە : ئەنجامدانی كردەوە بۆ خوا بە تەنها بە بێ پـێش چاوی (رياء) و بـە بـێ بـەگوێدا دانـی خـەڵك (سُمعة) و ناوبـانگ دەركـردن ، خـوای پایەبـەرز فەرموویـەتی : ﴿فَٱعۡبُدِ ٱللَّهَ مُخۡلِصٗا لَّهُ ٱلدِّينَ ٢﴾ [الزمر] .

واتە : خـوا بپەرسـتە و بـە نییـەت پـاكـیـەوە دینـداری و كـردەوەی بـۆ ئەنجام بـدە .

٣ ـ بە پـێی ئەو شەرعـەبێت كە پێغەمـبەر (ﷺ) پـێـی هـاتووە (موافقة الشريعة) ، خـوای پایەبـەرز فەرموویـەتی : ﴿وَمَآ ءَاتَىٰكُمُ ٱلرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَىٰكُمۡ عَنۡهُ فَٱنتَهُواْۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۖ إِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلۡعِقَابِ ٧﴾ [الحشر] .

واتە : ئەوەی كە پێغەمبەر (ﷺ) بۆی هێناون لـێی وەرگرن و ئەوەشـی كە قەدەغەی كردووە لێتان وازی لێبێنن ، وە خۆپارێزی بكەن لە سزای خـوا و لـێی بترسن چونكە سزای خوا زۆر توندە .

وە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((مَنْ عَمِلَ عَمَلاً لَيْسَ عَلَيْهِ أَمْرُنَا فَهُوَ رَدٌّ)) [صحيح مسلم رقم : (١٧١٨)] .

واتە : هەرکەسێك هەر کردەوەیەك ئەنجامبدات کە فەرمانی ئێمەی لەسەر نەبێت ئەوا ئەو کردەوەیە ڕەتدەکرێتەوە و قەبوڵ ناکرێت .

## شیرکی گەورە

**پ ١ / ئایا گەورەترین تاوان لای خوا بریتی‌یە لە چی ؟**

وەڵام / گەورەترین تاوان بریتی‌یە لە شەریك بڕیاردان بۆ خوا ، بەڵگەش خوای پایەبەرز فەرموویەتی : ﴿ وَإِذْ قَالَ لُقْمَٰنُ لِٱبْنِهِۦ وَهُوَ يَعِظُهُۥ يَٰبُنَىَّ لَا تُشْرِكْ بِٱللَّهِ ۖ إِنَّ ٱلشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ ﴿١٣﴾ ﴾ [لقمان] .

واتە : لوقمان بە کوڕەکەیی وت لە کاتێکدا کە ئامۆژگاری دەکرد : ئەی کوڕی شیرینم شیرك بۆ خوا ئەنجام مەدە چونکە شیرك گەورەترین ستەم و تاوانە .

وە کاتیٚ پرسیارکرا لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) : ((أَيُّ الذَّنْبِ أَعْظَمُ ؟ قَالَ : أَنْ تَجْعَلَ لِلَّهِ نِدًّا وَهُوَ خَلَقَكَ !)) [متفق عليه / صحيح البخاري رقم : (٤٧٦١) وصحيح مسلم رقم : (٨٦)] .

واتە : ئایا گەورەترین تاوان بریتی‌یە لە چی؟ پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : گەورەترین تاوان ئەوەیە کە شەریك و هاوشێواز و هاوەڵ بۆ خوا دابنەیت لە کاتێکدا کە تەنها ئەو تۆی دروست کردووە !

## پ٢ / ئایا شیرکی گەورە بریتی‌یە لە چی ؟

وەڵام / شیرکی گەورە بریتی‌یە لە ئەنجامدانی پەرستن بۆ جگە لە خوا ، وەکو دوعا و پاڕانەوە لە غەیری خوا ، وە داوای فریاکەوتن لە مردووەکان یان زیندووانی نادیار ، خوای پایەبەرز فەرموویەتی : ﴿وَاعْبُدُوا اللَّهَ وَلَا تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا ۖ (٣٦)﴾ [النساء] .

واتە : خوا بپەرستن بە تەنها و هیچ شتێك مەکەن بە شەریکی .

وە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((أَكْبَرُ الْكَبَائِرِ : الإِشْرَاكُ بِاللَّهِ ...)) [صحيح البخاري رقم : (٦٨٧١)] .

واتە : گەورەترینی تاوانە گەورەکان : شیرك ئەنجامدان و هاوەڵبڕیاردانە بۆ خوا ...

## پ٣ / ئایا شیرک ئەنجامدان بوونی هەیە لە ناو ئەم ئوممەتەدا ؟

وەڵام / بەڵێ شیرك ئەنجامدان بوونی هەیـە ، بەڵگـەش خـوای پایەبـەرز فەرموویەتـی : ﴿ وَمَا يُؤْمِنُ أَكْثَرُهُم بِاللَّهِ إِلَّا وَهُم مُّشْرِكُونَ ﴿١٠٦﴾ ﴾ [یوسف] .

واتە : زۆرینەی خەڵك ئیمان و باوەڕناهێنن ئیللا لەگەڵ ئەوەشدا شەریك و هاوەڵ بڕیاردەرن* .

---

* [واتە : زۆرینەی خەڵك لەگەڵ ئەوەدا كە ئیماندار و باوەڕدارن بە پەروەردگارێتی خوا كە چی لە پەرستنیدا شەریك و هاوەڵی بۆ بڕیار دەدەن و كردەوەكانیان شیركی تێدایە و لەگەڵ خوادا جگە لە خوایش دەپەرستن ! ! ! بۆ زیاتر تێگەیشتن لە واتای ئەم ئایەتە بە پێویستی دەزانم كەوا وتەی چەند زانایەك بخەمە بەردەستی خوێنەران :

(عكرمة) سەبارەت بەم ئایەتە : ﴿ وَمَا يُؤْمِنُ أَكْثَرُهُم بِاللَّهِ إِلَّا وَهُم مُّشْرِكُونَ ﴾ فەرموویەتـی : تسألهم من خلقهم ومن خلق السماوات والأرض ؟ فيقولون : الله ، فذلك إيمانُهم بالله وهم يعبدون غيره !) [تفسير الطبري : (١٣ / ٧٧)].

واتە : كە پرسیاریان لێدەكەیت كێ ئێوەی دروست كردووە و كێ ئاسمانەكان و زەوی دروست كردووە ؟ دەڵێن : خوا ، ئا ئەمە ئیمان و باوەڕەكەیانە بە خوا بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا غەیری خوا دەپەرستن ! ! !

وە (مُجاهد)یش فەرموویەتـی : (إيمانُهم قولهم : اللهُ خالقنا ويرزقنا ويميتنا ، فهذا إيمانٌ مع شركِ عبادتهم غيره) [تفسير الطبري(13 / 78) ].

وە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((لَا تَقُومُ السَّاعَةُ حَتَّى تَلْحَقَ قَبَائِلُ مِنْ أُمَّتِي بِالْمُشْرِكِينَ ، وَحَتَّى يَعْبُدُوا الأَوْثَانَ*)) [صحيح سنن الترمذي رقم : (٢٢١٩)].

---

واتە : ئیمانەکەیان بریتی‌یە لەوەی کە دەڵێن : (الله) بەدیهێنەرمانە و رزق و رۆزیمان دەدات و دەمانمرێنێت ، ئا ئەمە ئیمانە لەگەڵ شیرکی پەرستنیان بۆ غەیری خوا .

وە (البيضاوي) فەرموویەتی : ﴿وَمَا يُؤْمِنُ أَكْثَرُهُم بِاللَّهِ﴾ في إقرارهم بوجوده وخالقيتهِ ، ﴿إِلَّا وَهُم مُّشْرِكُونَ﴾ بعبادة غيره) [تفسير البيضاوي : (٣ / ٣١١)].

واتە : ئیمانی زۆرینەیان بە خوا بریتی‌یە لە دانپێنان و باوەڕبوونیان بە بوون و بەدیهێنەرێتی خوا ، وە شەریك و هاوەڵ بڕیاردانەکەیان لەوەدایە کە غەیری خوا دەپەرستن .

بەوەی کە هاوار دەکەنە غەیری خوا و لە غەیری خوا دەپاڕێنەوە و هانای بۆ لا دەبەن و داوای فریاکەوتنی لێدەکەن و سوێند بە غەیری خوا دەخۆن و حەیوان بۆ غەیری خوا سەردەبڕن و پشتی پێدەبستن و ئومێدی دەستکەوتنی خێریان لـێ هەیە و لـێشی دەترسن و تەواف بە دەوری قەبر و شەخص و مەزارگاکاندا دەکەن و ... هتد لە جۆرەکانی شەریك ئەنجامدان بۆ خوای تەنها و بێ شەریك ! وەرگێڕ .

* [**الأوثان** : بریتی‌یە لەو شتانەی کە جگە لە خوا دەپەرسترێن ، چ بت بێت یان قەبر بێت یان مەرقەد و مەزارگا بێت یان شەخص و دار و بەرد بێت یان مرۆڤێکی زیندوو یان مردوو بێت .

کەواتە : زاراوەی (الأوثان : جمعُ وَثَن) گشتی تر و بەرفراوان ترە لە زاراوەی (الأصنام : جَمعُ صَنَم) ، چونکە (صَنَم) تەنها بۆ وێنە و پەیکەر بەکار دەهێنرێت ، بەڵام (وَثَن) هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کەوا جگە لە خوا دەپەرسترێن چ (صَنَم : وێنە و پەیکەر) بێت یان هەر شتێکی تر بێت وەکو دار و بەرد و قەبر و شەخص و ... هتد] بڕوانە : (القول المفيد على كتاب التوحيد) للشيخ ابن العثيمين ، لاپەڕە : (١٥٠ و ٢٧٠) .
ـ وەرگێڕ ـ

واتە : قیامەت نایەت تاوەکو هەندێك تیرەوهۆز لە ئوممەتەکەمدا خۆیان نەگەیەننە موشریك و هاوەڵبڕیاردەرەکان ، وە تاوەکو بت و هاوشێوەکانی نەپەرستن .

**پ٤ / ئایا حوکمی دوعا و پاڕانەوە لە مردووەکان یان لە کەسانی نادیار چییە ؟**

وەڵام / دوعا و پاڕانەوە لە مردووەکان یان لە کەسانی نادیار بەشێکە لە شیرکی گەورە ، خوای پایەبەرز فەرموویەتی : ﴿وَلَا تَدْعُ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَنفَعُكَ وَلَا يَضُرُّكَ ۖ فَإِن فَعَلْتَ فَإِنَّكَ إِذًا مِّنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٠٦﴾﴾ [يونس] .

واتە : داوا مەکە لە جگە لە خوا و لێی مەپاڕێرەوە کە نە سوودت پێدەگەیەنێت و نە زیان ، وە ئەگەر ئەمەت کرد ـ واتە : ئەگەر هاوارت کردە غەیری خوا و لێی پاڕایتەوە ـ ئەوا تۆ لە ستەمکارە هاوەڵبڕیاردەرەکانی .

(**الظَّالِمِينَ** : أي المُشركين ، واتە : لە موشریك و هاوەڵبڕیاردەرەکانی) .

وە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی :

((مَنْ مَاتَ وَهْوَ يَدْعُو مِنْ دُونِ اللَّهِ نِدًّا دَخَلَ النَّارَ)) [صحيح البخاري رقم : (٤٤٩٧) وصحيح مسلم رقم : (٩٢)] .

واتە : هەرکەسێك بمرێت لە کاتێکدا کە شەریك و هاوشێوازێکی بۆ خوا دانابێت و هاواری تێکردبێت و لێی پاڕابێتەوە ئەوا دەچێتە ناو ئاگری دۆزەخەوە .

**پ٥ / ئایا دوعا و پاڕانەوە پەرستن و عیبادەتە ؟**

وەڵام / بەڵێ دوعا و پاڕانەوە پەرستن و عیبادەتە ، خوای پایەبەرز فەرموویەتی : ﴿وَقَالَ رَبُّكُمُ ٱدۡعُونِيٓ أَسۡتَجِبۡ لَكُمۡۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَسۡتَكۡبِرُونَ عَنۡ عِبَادَتِي سَيَدۡخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ ٦٠﴾ أي ذليلين [غافر] .

واتە : پەروەردگارتان فەرموویەتی : ئێوە داوام لێبکەن و لێم بپاڕێنەوە منیش وەڵامتان دەدەمەوە و دوعاکانتان گیرا دەکەم ، ئا ئەوانەی کەوا خۆیان بە گەورە دادەنێن لە ئاستی دوعا و پاڕانەوە و پەرستنی خوا ئا ئەوانە دەچنە ناو (جەهەنم) دۆزەخەوە بە سەرشۆڕی .

وە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((الدُّعَاءُ هُوَ العِبَادَةُ)) [صحيح سنن الترمذي رقم : (٢٩٦٢)] .

واتە : دوعا و پاڕانەوە پەرستن و عیبادەتە .

پ٦ / ئایا مردووەکان گوێیان لە دوعا و پاڕانەوە هەیە ؟

وەڵام / نەخێر گوێیان لـێی نییە ، خوای پایەبەرز فەرموویەتی :

١ ـ ﴿إِنَّكَ لَا تُسۡمِعُ ٱلۡمَوۡتَىٰ ٨٠﴾ [النمل] .

واتە : تۆ ناتوانیت هیچ شتێك بدەیت بە گوێی مردووەکاندا .

٢ ـ ﴿وَمَآ أَنتَ بِمُسۡمِعٖ مَّن فِي ٱلۡقُبُورِ ٢٢﴾ [فاطر] .

واتە : تۆ ناتوانیت هیچ شتێك بدەیت بە گوێی ئەوانەی کە لە گۆڕدان .

## جۆرەکانی شیرکی گەورە

پ٧ / ئایا داوای فریاکەوتن بکەین لە کەسانی مردوو یان لە کەسانی نادیار ؟

وەڵام / داوای فریاکەتنیان لێناکەین [چونکە ئەمە شیرك و هاوەڵبریاردانە] ، خوای پایەبەرز فەرموویەتی :

١ ـ ﴿ وَٱلَّذِينَ يَدۡعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ لَا يَخۡلُقُونَ شَيۡـًٔا وَهُمۡ يُخۡلَقُونَ ٢٠ أَمۡوَٰتٌ غَيۡرُ أَحۡيَآءٖۖ وَمَا يَشۡعُرُونَ أَيَّانَ يُبۡعَثُونَ ٢١ ﴾ [النحل] .

واتە : ئەوانەی کە هاواریان تێدەکرێت جگە لە خوا هیچ شتێك دروست ناکەن بەڵکو خۆشیان دروست دەکرێن (٢٠) ئەوانە مردوون و زیندوو نین و ناشزانن و هەست ناکەن کەی زیندوو دەکرێنەوە .

٢ ـ ﴿إِذۡ تَسۡتَغِيثُونَ رَبَّكُمۡ فَٱسۡتَجَابَ لَكُمۡ ٩﴾ [الأنفال] .

واتە : لە کاتێکدا کە ئێوە داوای فریاکەوتنتان دەکرد لە خوای پەروەردگارتان و ئەویش وەڵامی دانەوە و فریاتان کەوت .

وە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((يَا حَيُّ يَا قَيُّومُ بِرَحْمَتِكَ أَسْتَغِيثُ)) [صحيح سنن الترمذي رقم : (٣٥٢٤)] .

واتە : ئەی خوای زیندوو و بە ئاگا بە ڕەحم و میهرەبانیت داوای فریاکەوتنت لێدەکەم .

## پ٨ / ئایا دروستە داوای یارمەتی بکەیت لە غەیری خوا ؟

وەڵام / نەخێر داوای یارمەتی کردن لە غەیری خوا دروست نی‌یە [چونکە شیرك و هاوەڵبریاردانە] ، بەڵگەش خوای پایەبەرز فەرموویەتی : ﴿إِيَّاكَ نَعۡبُدُ وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ ٥﴾ [الفاتحة] .

واتە : ئەی خوایە تەنها تۆ دەپەرستین و تەنها داوای یارمەتیش لە تۆ دەکەین .

وە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((إِذَا سَأَلْتَ فَاسْأَلِ اللَّهَ ، وَإِذَا اسْتَعَنْتَ فَاسْتَعِنْ بِاللَّهِ)) [صحيح سنن الترمذي رقم : (٢٥١٦)] .

واتە : ئەگەر داوات کرد ئەوا تەنها داوا لە خوا بکە ، وە ئەگەر داوای یارمەتیت کرد ئەوا تەنها داوای یارمەتی لە خوا بکە .

## پ٩ / ئایا داوای یارمەتی لە کەسانی زیندوو بکەین ؟

وەڵام / بەڵێ لەو شتانەدا کە توانایان بە سەریدا هەیە ، خوای پایەبەرز فەرموویەتی : ﴿وَتَعَاوَنُواْ عَلَى ٱلۡبِرِّ وَٱلتَّقۡوَىٰۖ ٢﴾ [المائدة] .

واتە : هاوكاری یەكتر بكەن و یارمەتی یەكتر بدەن لەسەر چاكەكاری و خۆپارێزی كردن لە تاوان .

وە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((وَاللَّهُ فِي عَوْنِ الْعَبْدِ مَا كَانَ الْعَبْدُ فِي عَوْنِ أَخِيهِ)) [صحيح مسلم رقم : (٢٦٩٩)] .

واتە : خوا لە یارمەتی عەبدەكەیدایە تاوەكو عەبد لە یارمەتیدانی براكەیدا بێت .

**پ١٠ / ئایا نەزر كردن بۆ غەیری خوا دروستە ؟**

وەڵام / نەخێر نەزر كردن دروست نییە ئیللا بۆ خوا نەبێت ، خوای پایەبەرز فەرموویەتی : ﴿رَبِّ إِنِّي نَذَرْتُ لَكَ مَا فِي بَطْنِي مُحَرَّرًا ﴿٣٥﴾﴾ [آل عمران] .

واتە : ئەی پەروەردگارم من ئەو منداڵەی كە لە سكمدایە كردوومە بە نەزر بۆ تۆ بۆ ئەوەی خزمەتی دین وماڵەكەی تۆ بكات .

وە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((مَنْ نَذَرَ أَنْ يُطِيعَ اللهَ فَلْيُطِعْهُ ، وَمَنْ نَذَرَ أَنْ يَعْصِيَهُ فَلا يَعْصِهِ)) [صحيح البخاري رقم : (٦٦٩٦)] .

واتە : هەرکەسێك نەزری کرد بۆ ئەوەی گوێڕایەڵی خوا بکات و کارێکی چاك ئەنجام بدات ئەوا با گوێڕایەڵی خوا بکات و ئەنجامی بدات ، وە هەرکەسێك نەزری کرد بۆ ئەوەی کە سەرپێچی فەرمانی خوا بکات و تاوان ئەنجام بدات ئەوا با سەرپێچی نەکات و تاوان ئەنجام نەدات .

## پ ١١ / ئایا حەیوان سەربڕین بۆ غەیری خوا دروستە ؟

وەڵام / نەخێر حەیوان سەربڕین بۆ غەیری خوا دروست نییە .

بەڵگەش خوای پایەبەرز فەرموویەتی : ﴿ فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَٱنْحَرْ ﴿٢﴾ ﴾ [الكوثر] .

واتە : نوێژ بکە بۆ خوای پەروەردگارت و حەیوانی بۆ سەربڕە .

(**انْحَرْ** : أي اذبحْ لله ، واتە : حەیوان سەرببڕە بۆ خوا بە تەنها) .

وە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((لَعَنَ اللهُ مَنْ ذَبَحَ لِغَيْرِ اللهِ)) [صحيح مسلم رقم : (١٩٧٨)] .

واتە : لەعنەتی خوا لەو کەسەی کە حەیوان سەردەبڕێت بۆ غەیری خوا .

**پ١٢ / ئایا طەواف بکەین بە دەوری قەبردا بە مەبەستی ئەوەی کە لە خوا نزیکمان بکەنەوە ؟**

وەڵام / نەخێر طەواف ناکەین ئیللا بە دەوری کەعبەدا نەبێت [چونکە طەواف کردن بە دەوری قەبردا شیرکە] ، خوای پایەبەرز فەرموویەتی :

﴿وَلۡيَطَّوَّفُواْ بِٱلۡبَيۡتِ ٱلۡعَتِيقِ ٢٩﴾ [الحج] .

واتە : با طەواف بکەن بە دەوری ماڵی خوادا کەوا پێشینەترین مزگەوتە .

وە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((مَنْ طَافَ بِالْبَيْتِ وَصَلَّى رَكْعَتَيْنِ كَانَ كَعِتْقِ رَقَبَةٍ)) [صحيح سُنَن ابن ماجه رقم : (٢٩٥٦) وسلسلة الأحاديث الصحيحة رقم : (٢٧٢٥)] .

واتە : هەرکەسێك حەوت (٧) جار طەواف بکات بە دەوری ماڵی خوادا و ئەنجا دوو (٢) رکعات نوێژی طەواف بکات ئەوا وەکو ئەوە وایە کە کۆیلەیك ئازاد بکات .

## پ١٣ / ئایا حوکمی جادوو (سیحر) کردن چی‌یە ؟

وەڵام / جادوو (سیحر) کردن بەشێکە لە کوفر و بێباوەڕی ، خوای پایەبەرز فەرموویەتی : ﴿وَلَـٰكِنَّ ٱلشَّيَـٰطِينَ كَفَرُواْ يُعَلِّمُونَ ٱلنَّاسَ ٱلسِّحْرَ ﴿١٠٢﴾﴾ [البقرة] .

واتە : بەڵکو شەیتانەکان کوفریان کردووە کە خەڵکیان فێری جادوو (سیحر) کردن دەکرد .

وە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((اجْتَنِبُوا السَّبْعَ الْمُوبِقَاتِ : الشِّرْكُ بِاللَّهِ ، وَالسِّحْرُ ...)) [صحيح البخاري رقم : (٢٧٦٦) وصحيح مسلم رقم : (٨٩)] .

واتە : خۆتان بەدوور بگرن لەو حەوت تاوانە فەوتێنەرانەی کە مرۆڤ لەناو دەبەن : شەریك بڕیاردان بۆ خوا ، و سیحر کردن ...

## پ١٤ / ئایا فاڵچیان و هەواڵدەران لە زانستی غەیب بە ڕاست بخەینەوە؟

وەڵام / نەخێر بە ڕاستیان ناخەینەوە و بە ڕاستیان نازانین ، خوای پایەبەرز فەرموویەتی : ﴿قُل لَّا يَعْلَمُ مَن فِي ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ٱلْغَيْبَ إِلَّا ٱللَّهُ ﴿٦٥﴾﴾ [النمل] .

واتە : ئەی پێغەمبەر پێیان بڵێ : کەس لە نێو ئاسمانەکان و زەویدا غەیب نازانێت تەنها خوا نەبێت .

وە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((مَنْ أَتَى عَرَّافاً أَوْ كَاهِناً ، فَصَدَّقَهُ بِمَا يَقُولُ ، فَقَدْ كَفَرَ بِمَا أُنْزِلَ عَلَى مُحَمَّدٍ)) [صحيح رواه أحمد : (٢/٤٢٩) والطبراني : (١٥٠٩) ، صححهُ الألباني في صحيح الترغيب والترهيب رقم : (٣٠٤٧)] .

واتە : هەرکەسێك بچێتە لای فاڵچی‌یەك یان هەواڵدەرێك بە غەیب و باوەڕی پێبکات لەو قسانەی کە دەیکات ئەوا بە تەئکیدی کوفری کردووە بەو قورئانەی کە دابەزیوە بۆ سەر (مُحَمَّد ﷺ) .

## پ١٥ / ئایا کەس لە غەیب دەزانێت ؟

وەڵام / نەخێر کەس لە غەیب نازانێت ئیللا کەسێك نەبێت لە پێغەمبەران کەوا خوا غەیبی پێشان دابێت و هێنابێتی‌یە پێش چاوی ، خوای پایەبەرز فەرموویەتی : ﴿عَٰلِمُ ٱلۡغَيۡبِ فَلَا يُظۡهِرُ عَلَىٰ غَيۡبِهِۦٓ أَحَدًا ﴿٢٦﴾ إِلَّا مَنِ ٱرۡتَضَىٰ مِن رَّسُولٖ ﴿٢٧﴾﴾ [الجن] .

واتە : خوا زانایە بە غەیب و پەنهانی‌یەکان و کەسیش لە غەیب ئاگادار ناکاتەوە و پێشانی نادات ئیللا مەگەر کەسێك

نەبێت کە لـێی ڕازی بێت لە پێغەمبەران .

وە پێغەمبــەر (ﷺ) فەرموویــەتی : ((لَا يَعْلَمُ الْغَيْبَ إِلَّا اللَّهُ)) [حسن رواه الطبراني رقم : (٦١٢٢)] .

واتە : کەس غەیب نازانێت ئیللا خوا نەبێت .

**پ١٦ / ئایا دەزوو و بەن و حەڵقە لە دەست بکەین بە مەبەستی شیفا و چارەسەر وەرگرتن لێیانەوە ؟**

وەڵام / نـەخێر لـە دەسـتیان ناکـەین ، خـوای پایەبـەرز فەرموویـەتی :

﴿وَإِن يَمْسَسْكَ ٱللَّهُ بِضُرٍّ فَلَا كَاشِفَ لَهُۥٓ إِلَّا هُوَ ۖ ١٧﴾ [الأنعام] .

واتە : ئەگەر خـوا زەرەر و زیانێکـت پـێبگەیـەنێت ئـەوا کـەس ناتوانێـت لاییات لەسەرت تەنها خوا خۆی نەبێت .

وە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((مَنْ عَلَّقَ تَمِيْمَةً فَقَدْ أَشْرَكَ)) [صحيح رواه أحمد : (٤ / ١٥٦) ، صححهُ الألباني في سلسلة الأحاديث الصحيحة رقم : (٤٩٢)] .

واتە : هەرکەسێك چاوەزارێك هەڵواسێت ئەوا شیرکی ئەنجامداوە .

(التميمة : بریتی‌یە لە مورووو یان بەردی دەریا و هەڵدەواسرێت

ـ بە قەد لەش و سەیارە و ئاژەڵ و خانوودا ـ بە مەبەستی خۆپارێزی کردن لە چاوی پیس) .

## پ١٧ / ئایا حوکمی کردەوە کردن بەو یاسایانەی (قانون و دەستور) کەوا پێچەوانەی ئیسلامن چی‌یە ؟

وەڵام / کردەوەکردن بەو یاسا و قانون و دەستورانەی کەوا پێچەوانەی ئیسلامن کوفر و بێباوەڕی‌یە ئەگەر بە دروست و ئاسایی بزانیت یان ئەگەر باوەڕت وابێت کەوا کردەوە پێکردنی چاکە و شیاوە ، خوای پایەبەرز فەرموویەتی : ﴿وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْكَٰفِرُونَ ﴿٤٤﴾﴾ [المائدة] .

واتە : هەرکەسێك حوکم نەکات بەو دینەی کەوا خوا دایبەزاندووە و ناردوویەتی بۆ محمد (ﷺ) ئەوا ئەو کەسانە کافر و بێباوەڕن .

وە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((وَمَا لَمْ تَحْكُمْ أَئِمَّتُهُمْ بِكِتَابِ اللَّهِ وَيَتَخَيَّرُوا مِمَّا أَنْزَلَ اللَّهُ إِلَّا جَعَلَ اللَّهُ بَأْسَهُمْ بَيْنَهُمْ)) [صحيح سُنَن ابن ماجه رقم : (٤٠١٩) ، وسلسلة الأحاديث الصحيحة رقم : (١٠٦)] .

واتە : وە ئەگەر پێشەوا و کاربەدەستەکانیان حوکم نەکەن بە کتێبەکەی خوا (قورئان) و خۆیان بە ئازاد بزانن لە پەیڕەوکردن یان نەکردنی ئەو دینەی کە خوا دایبەزاندووە و بە ئارەزووی خۆیان لـێی هەڵبـژێرن ئیللا خـوا ناڕەحەتی و ناکۆکی دەخاتە نێوانیانەوە .

**پ١٨ / ئایا چۆن وەڵامی ئەم پرسیارەی شەیتان بدەینەوە : کێ خوای دروست کردووە ؟**

وەڵام / ئەگەر شەیتان بەم پرسیارە وەسوەسەی کرد بۆ کەسێك ئـەوا با پـەنابگرێت بـە خـوا ، خـوای پایەبـەرز فەرموویـەتی : ﴿وَإِمَّا يَنزَغَنَّكَ مِنَ ٱلشَّيۡطَٰنِ نَزۡغٞ فَٱسۡتَعِذۡ بِٱللَّهِۖ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡعَلِيمُ ٣٦﴾ [فصلت] .

واتە : ئەگەر شەیتان وەسوەسەی بۆت کرد و خراپەی بۆت رازاندەوە و تەمبەڵی کردیتەوە لە چاکەکردن و هانی دایت بۆ تاوان کردن ئەوا پەنا بگرە بە خوا چونکە خوا بیسەر و زانایە .

وە پێغەمبەر (ﷺ) فێری کردووین کەوا فێڵی شەیتان ڕەتبکەینەوە و بڵێین : ((آمَنْتُ بِاللَّهِ وَبِرُسُلِهِ ، اللَّهُ أَحَدٌ ، اللَّهُ الصَّمَدُ ، لَمْ يَلِدْ ، وَلَمْ يُولَدْ ، وَلَمْ يَكُنْ لَهُ كُفُوًا أَحَدٌ)) .

واتە : ئیمانم هەیە بە خوا و پێغەمبەرانی ، خوا تەنهایە ، خـوا پێویسـتی بە کەس نـی‌یـە و هـەموو دروسـتکراوێکیش پێویسـتی بـەو هەیـە ، لـە کـەس نەبووە ، و کەسیشی لـێ نەبووە ، و هیچ هاوشێواز و هاووێنەی نی‌یە .

ئەنجا با سێ جار تــف بکات بە لای چەپیدا ، و پەنا بگرێـت بـە خـوا لـە شەیتـان ، و وازیـش بێنێـت لـەو وەسوەسـە و گومانـە و بـیری لێنەکاتـەوە ، ئەمانە هەمووی ئەو وەسوەسەیە ناهێڵێت .

ئەمە پوختەی ئەو فەرموودە صەحیحانەیە کە لەم بارەیـەوە هـاتوون لـە [صحيح البخاري رقم : (٣٢٧٦) وصحيح مسلم رقم : (١٣٤) ومسند أحمد رقم : (٢٥٠٠٦) وصحيح أبي داود رقم : (٤٧٢٢)]دا .

## پ١٩ / ئایا زەرەر و زیانەکانی شیرکی گەورە بریتین لە چی ؟

وەڵام / شـیرکی گـەورە دەبێتـە هـۆی مانـەوە لـە ئـاگری دۆزەخـدا بـە هەتاهەتایی ، خوای پایەبەرز فەرموویەتی: ﴿إِنَّهُۥ مَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَقَدۡ حَرَّمَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِ ٱلۡجَنَّةَ وَمَأۡوَىٰهُ ٱلنَّارُۖ وَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِنۡ أَنصَارٖ ﴿٧٢﴾﴾ [المائدة] .

واتە : هەرکەسێك شـیرك بکـات و شـەریك بـۆ خـوا بڕیـار بـدات ئـەوا بـە تەئکیدی خوا بەهەشتی لـێحەرام و قەدەغە دەکات و جێگای مانەوەی ئاگری

دۆزەخە و شەریك بۆ خوا بڕیاردەران و ستەمكاران كەس نییە پشتگیریان لێ بكات و سەریان بخات .

وە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((وَمَنْ لَقِيَ اللَّهَ يُشْرِكُ بِهِ شَيْئاً دَخَلَ النَّارَ)) [صحيح مسلم رقم : (٩٣)] .

واتە : هەركەسێك بگات بە خوا و بە هەر شتێك شیركی ئەنجام دابێت بۆ خوا ئەوا دەچێتە ئاگرەوە .

## پ٢٠ / ئایا كردەوەی چاك سوودی هەیە لەگەڵ شیركدا ؟

وەڵام / نەخێر كردەوە لەگەڵ شیركدا هیچ سوودی نییە ، خوای پایەبەرز فەرموویەتی : ﴿وَلَوْ أَشْرَكُوا لَحَبِطَ عَنْهُم مَّا كَانُوا يَعْمَلُونَ ﴿٨٨﴾﴾ [الأنعام] .

واتە : ئەگەر شیرك ئەنجامبدەن ئەوا هەموو ئەو كردەوانەی كە كردوویانە هەڵدەوەشێتەوە .

وە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((قَالَ اللَّهُ تَبَارَكَ وَتَعَالَى : أَنَا أَغْنَى الشُّرَكَاءِ عَنِ الشِّرْكِ ، مَنْ عَمِلَ عَمَلاً أَشْرَكَ فِيهِ مَعِي غَيْرِي تَرَكْتُهُ وَشِرْكَهُ)) [صحيح مسلم رقم : (٢٩٨٥)] .

واتە : خوای کارپڕبەرەکەت و پایەبەرز فەرموویەتی : مـن دەوڵەنـدترینی شەریکەکانم لە ئاستی ئەو شیرکە ، هەرکەسێك هەر کردەوەیـەکی کـردووە و کەسێکی تری لەگەڵ مندا کردووە بە شەریك تێیدا ئەوا من وازی لێدێنم خۆی و شیرکەکەشی .

## شیرکی بچووك

**پ ١ / ئایا شیرکی بچووك بریتی‌یە لە چی ؟**

وەڵام / شـیرکی بچـووك بریتـی‌یـە لـە ریـا (بەرچـاوی) ، خـوای پایەبـەرز فەرموویـــــەتی : ﴿فَمَن كَانَ يَرْجُواْ لِقَآءَ رَبِّهِۦ فَلْيَعْمَلْ عَمَلًا صَٰلِحًا وَلَا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِۦٓ أَحَدًۢا ١١٠﴾ [الكهف] .

واتە : هەر کەسێك ئومێدی ئەوەی هەیە کـە بگاتـە خـوای پـەروەردگاری ئەوا با کردەوەی چاکە بکات و لە پەرستنی پەروەردگاریدا کـەس نـەکات بـە شەریکی .

وە پێغەمبــەر (ﷺ) فەرموویــەتی : ((إِنَّ أَخْوَفَ مَا أَخَافُ عَلَيْكُمُ الشِّرْكُ الأَصْغَرُ : الرِّيَاءُ)) [صحيح رواه أحمد : (٥ / ٤٢٨) ، صححهُ الألباني في سلسلة الأحاديث الصحيحة رقم : (٩٥١)] .

واتە : ترسناكترین شت کە لـێی بترسم تووشتان ببێـت شـیرکی بچـووکە کە : (ریـا)یە .

وە بەشێکە لە شیرکی بچووك : وتـەی ئـەو کەسـەی کـە دەڵێت : ئەگـەر خوا و فلان نەبوایەت .. یان دەڵێت : ئەگەر خوا و تۆ ویستان لـێ بێت .

پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویـەتی : ((لاَ تَقُولُوا : مَا شَاءَ اللَّهُ وَشَاءَ فُلاَنٌ ، وَلَكِنْ قُولُوا : مَا شَاءَ اللَّهُ ثُمَّ شَاءَ فُلاَنٌ)) [صحيح أبي داود رقم : (٤٩٨٠)] .

واتە : مەڵێن : ئەگەر خـوا ویسـتی لــێ بێـت و فـلان ویسـتی لــێ بێـت ، بەڵکو بڵێن : ئەگەر خوا ویستی لـێ بێت پاشان فلان ویستی لـێ بێت .

**پ٢ / ئایا سوێندخواردن بە غەیری خوا دروستە ؟**

وەڵام / نـەخێر سـوێندخواردن بـە غـەیری خـوا دروسـت نـیـیە ، خـوای پایەبەرز فەرموویەتی : ﴿قُلْ بَلَىٰ وَرَبِّي لَتُبْعَثُنَّ ۝٧﴾ [التغابن] .

واتە : ئەی پێغەمبەر پێیان بڵێ : بەڵێ سوێند بە خوای پەروەردگارم زیندوو دەکرێنەوە .

وە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((مَنْ حَلَفَ بِغَيْرِ اللَّهِ فَقَدْ أَشْرَكَ)) [صحيح رواه أحمد : (٢ / ٣٤ ، ٨٦) ، صححهُ الألباني في صحيح أبي داود رقم : (٣٢٥١)] .

واتە : هەرکەسێك سوێندبخوات بە غەیری خوا ئەوا شیرکی کردووە .

هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((مَنْ كَانَ حَالِفَاً فَلْيَحْلِفْ بِاللَّهِ أَوْ لِيَصْمُتْ)) [صحيح البخاري رقم : (٢٦٧٩)] .

واتە : هەرکەسێك سوێندی خوارد ئەوا با سوێند بە خوا بخوات یاخود با بێدەنگ بێت .

# تەوەسول و داوای شەفاعەت و تکاکردن

**پ ١ / ئایا بە چی تەوەسول بکەین لە لای خوا ؟**

وەڵام / تەوەسول هەیەتی جائیز و دروستە ، و هەشیەتی قەدەغەکراو و ڕێپێنەدراوە :

١ ـ تەوەسولی جائیز و ڕێپێدراو (**التوسل المشروع**) بریتییە لە : تەوەسول کردن بە ناو و صیفەتەکانی خوا و کردەوەی چاکە .

خوای پایەبەرز فەرموویەتی : ﴿وَلِلَّهِ ٱلۡأَسۡمَآءُ ٱلۡحُسۡنَىٰ فَٱدۡعُوهُ بِهَاۖ ١٨٠﴾ [الأعراف] .

واتە : ناوە چاك و جوانەکان تەنها شایستەی خوان بۆیە بەو ناوانە داوا لە خوا بکەن و بە خاتری ئەو ناوانە لە خوا بپاڕێنەوە .

هەروەها خوای پایەبەرز فەرموویەتی : ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَٱبۡتَغُوٓاْ إِلَيۡهِ ٱلۡوَسِيلَةَ ٣٥﴾ [المائدة] .

واتە : ئەی ئەو کەسانەی کە ئیمانتان هێناوە لـە خـوا بترسـن و خۆتـانی لـێنزیك بکەنەوە بـە گوێڕایـەڵی کردنـی و کـردەوە کـردن بـەوەی کـە پـێی ڕازی‌یە .

وە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((أَسْأَلُكَ بِكُلِّ اسْمٍ هُوَ لَكَ)) [صحيح رواهُ أحمد رقم : (١ / ٣٩١) ، صححهُ الألباني في سلسلة الأحاديث الصحيحة رقم : (١٩٩)] .

واتە : خوایە داوات لـێدەکەم لەبەر خاتری هەموو ئەو ناوانەی کـە هەتە.

هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) بەو صەحابی‌یەی ـ کە داوای لـێ‌کـرد لەگەڵیـدا بێت لە بەهەشتـدا ـ فـەرمووی : ((أَعِنِّي عَلَى نَفْسِكَ بِكَثْرَةِ السُّجُودِ)) [صحيح مسلم رقم : (٤٨٩)] .

واتە : هاوکاریم بکە بۆ خۆت بە زۆر سوجدە بردن .

(بِكَثْرَةِ السُّجُودِ : واتە : بە نوێژکردن کە بەشێکە لە کردەوەی چاکە) .

وە دروستە تەوەسول بکـەیت بـە خۆشەویسـتی خۆمـان و خۆشەویسـتی خوا بۆ پێغەمبەر (ﷺ) و پیاوچاکان .

* وە بۆ زانیـاری زیـاتر لـە ووردەکـاریـیەکان و بەڵگـەکانی ئـەم بابەتـە بگەڕێرەوە بۆ کتـێبی : (**التوسـل أنواعـه وأحكامـه**) دانـانی (شـێخ ئـەلبانی) ڕەحمەتی خوای لێبێت .

وە بەڵگەیەکی تـر بـۆ دروسـتێتی تەوەسـول کـردن بـە کـردەوەی چـاکە بریتـییە لـە : چـیرۆك و بەسـەرهاتی هـاوەڵانی ئەشـکەوتەکە (أصحاب الغار) کـەوا ـ لـە دوای داخسـتنی دەرگاکـەی ـ تەوەسـولیان کـرد بـە کـردەوە چاکەکانیان و بە هۆی ئەوەوە خوا دەرگای لـێیان کـردەوە ﴿هەریـەکێك لـەو سێ پیاوە وتی : خوایە لەبەر خاتری ئەو کردەوەیەم (...) کـە تـەنها بـۆ تـۆ ئەنجامم داوە ئەم دەرگایەمان لـێبکەرەوە﴾ [صحيح البخاري رقم : (٢٢٧٢) وصحيح مسلم رقم : (٦٨٨٤)] .

٢ ـ تەوەسـولی ڕێپێنـەدراو (**التوسـل الـممنوع**) : کـە بـریتـییـە لـە : پاڕانەوە لە مردووەکان (دوعا و هانا بۆ لا بردنیان) و داوای پێداویستـییـەکان لێیان ، وەکو چۆن لە ڕۆژگاری ئـەمڕۆدا هەیـە ، ئەمـەش شـیرکی گەورەیـە ، خوای پایەبەرز فەرموویـەتی : ﴿وَلَا تَدْعُ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَنفَعُكَ وَلَا يَضُرُّكَ فَإِن فَعَلْتَ فَإِنَّكَ إِذًا مِّنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ١٠٦﴾ [يونس] .

واتە : هاوار مەکەرە جگە لە خوا و لـێی مـەپاڕێرەوە کـە نـە دەتوانێـت سوودت پێبگەیـەنێت و نـە زیـان ، وە ئەگـەر ئەمـەت کـرد ـ واتـە : ئەگــەر هاوارت کردە غەیری خوا و لـێی

پاڕاییتەوە ـ ئەوا تۆ لە ستەمکارە هاوەڵبڕیاردەرەکانی .

(**الظَّالِمِينَ** : أي المُشرکین ، واتە : لە موشریك و هاوەڵبڕیاردەرەکانی) .

٣ ـ بەڵام تەوەسـول بـە خـاتری پێغەمبـەر (ﷺ) وەکـو ئـەوەی بلێیـت : (خوای پەروەردگار لەبەر خاتری پێغەمبەر (ﷺ) شیفام بـدە) ئەمـە بیدعەیـە چونکە :

ـ صەحابە ئەمەیان نەکردووە ،

ـ وە عومەر (رضي الله عنه) تەوەسولی کرد بە دوعای (عەباس رضي الله عنه) لە کاتێکدا کـە زیندوو بوو ، وە تەوەسولی بە پێغەمبەرەوە (ﷺ) نەکـرد لە دوای مردنی ،

ـ هـەروەها ئـەم تەوەسولـە هەندێـك جـار سەردەكێشـێت بـۆ شـیرك ئەنجامـدان ، ئەمـەش کاتێـك روودەدات ئەگـەر بـاوەڕی وابێـت کـەوا خـوا پێویستی بە واسـیطەی مرۆڤ هەیـە وەکـو فـەرمانڕەوا و کاربەدەسـتەکان ،

چونکە ئەمە لێکچوواندی (تَشْبِيه) دروستکار (خـالق)ی تێدایـە بـە دروسـتکراو (مەخلوق) .

## پ٢ / ئایا دوعا و پاڕانەوە پێویستی بە واسیطەی مرۆڤـ هەیە ؟

وەڵام / نەخێر دوعا و پاڕانـەوە پێویسـتی بـە واسـیطەی مرۆڤـــ نـیـیـە ، خوای پایەبەرز فەرموویەتی : ﴿وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ ﴿١٨٦﴾﴾ [البقرة] .

واتە : ئەی پێغەمبەر ئەگەر بەندەکانم پرسیاری منیان لێت کرد ئـەوا مـن نزیکم لێیانەوە .

وە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((إِنَّكُمْ تَدْعُونَ سَمِيعاً قَرِيباً وَهْوَ مَعَكُمْ)) ـ أي بعلمهِ ـ [صحيح البخاري رقم : (٢٩٩٢) وصحيح مسلم رقم : (٢٧٠٤)] .

واتە : ئێوە لە کەسێك دەپاڕێنەوە کە بیسەرە و نزیکەلێتانەوە و ئەو لـە گەڵتانایە ـ واتە : بە زانستییەوە ـ .

## پ٣ / ئایا دروستە داوای دوعا بکەیت لە کەسانی زیندوو ؟

وەڵام / بەڵێ دروستە داوای دوعا بکەیت لە کەسانی زیندوو نەك مردوو .

خوای پایەبەرز قسەی لەگەڵ پێغەمبەردا (ﷺ) کردووە لە

کاتێکدا کە پێغەمبەر (ﷺ) زیندوو بووە و پێی فەرموو : ﴿وَٱسۡتَغۡفِرۡ لِذَنۢبِكَ وَلِلۡمُؤۡمِنِينَ وَٱلۡمُؤۡمِنَٰتِۗ ١٩﴾ [مُحمَّد] .

واتە : ئەی پێغەمبەر داوای لێخۆشبوون بکە بۆ تاوانەکانی خۆت و پیاوانی ئیماندار و ژنانی ئیمانداریش .

وە لەو فەرموودە صەحیحەدا کە (الترمذي) گێڕاویەتەوە هاتووە : ((أَنَّ رَجُلاً ضَرِيرَ الْبَصَرِ أَتَى النَّبِيَّ ﷺ فَقَالَ : **ادْعُ اللَّهَ أَنْ يُعَافِيَنِي** ...)) [صحيح سنن الترمذي رقم : (٣٥٧٨)] .

واتە : پیاوێکی نابینا (کە چاوی کوێر بوو) هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و وتی : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دوعام بۆ بکە و لە خوا بۆم بپاڕێرەوە کەوا چاوم چاك بکاتەوە ...

**پ٤ / ئایا واسیطەی پێغەمبەر (ﷺ) بریتی‌یە لە چی ؟**

وەڵام / واسیطەی پێغەمبەر (ﷺ) بریتی‌یە لە گەیاندنی دین و بەرنامەکەی خوا بۆ بەندەکانی ، خوای پایەبەرز فەرموویەتی : ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلرَّسُولُ بَلِّغۡ مَآ أُنزِلَ إِلَيۡكَ مِن رَّبِّكَۖ ٦٧﴾ [المائدة] .

واتە : ئەی پێغەمبەری خوا ئەوەی کە بۆت دابەزیووە لە پەروەردگارتەوە بگەیەنە .

وە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((اللَّهُمَّ اشْهَدْ اللَّهُمَّ اشْهَدْ)) جَواباً لقول الصحابة : (نَشْهَدُ أَنَّكَ قَدْ بَلَّغْتَ) [صحيح مسلم رقم : (١٢١٨)] .

واتە : کاتێك کە صەحابەکان بە پێغەمبەریان (ﷺ) فەرموو : (ئێمە شایەتی دەدەین کەوا تۆ دین و پەیامەکەی خوات گەیاند) .

پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی : خوایە تۆیش شاهید بە لەسەر ئەمە ، خوایە تۆیش شاهید بە لەسەر ئەمە .

**پ٥ / ئایا داوای شەفاعەت و تکای پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە کێ بکەین ؟**

وەڵام / داوای تکا و شەفاعەتی پێغەمبەر (ﷺ) لە خوا دەکەین ، خوای پایەبەرز فەرموویەتی : ﴿قُل لِّلَّهِ ٱلشَّفَـٰعَةُ جَمِيعًاۖ ٤٤﴾ [الزمر] .

واتە : ئەی پێغەمبەر پێیان بڵێ شەفاعەت هەمووی هی خوایە .

وە پێغەمبەر (ﷺ) صەحابییەکەی فێرکرد کەوا بڵێت : ((اللَّهُمَّ شَفِّعْهُ فِيَّ)) [صحيح سنن الترمذي رقم : (٣٥٧٨)] .

واتە : خوایە پێغەمبەر (ﷺ) بکە بە شەفاعەتکار و تکاکارم .

هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((إِنِّي اخْتَبَأْتُ دَعْوَتِي شَفَاعَةً لأُمَّتِي يَوْمَ الْقِيَامَةِ ، فَهِيَ نَائِلَةٌ إِنْ شَاءَ اللَّهُ مَنْ مَاتَ مِنْ أُمَّتِي لَا يُشْرِكُ بِاللَّهِ شَيْئاً)) [صحيح مسلم رقم : (١٩٨)] .

واتە : من دوعا تایبەتە گیراکەم هەڵگرتووە بۆ تکا و شەفاعەت کردن بۆ ئوممەتەکەم لە ڕۆژی قیامەتدا ، ئەو شەفاعەتەیش بە ویستی خوا بەر ئەو کەسانە دەکەوێت لە ئوممەتەکەم کە دەمرن و هیچ شیرك ئەنجام نادەن بۆ خوا .

**پ٦ / ئایا داوای تکا و شەفاعەت بکەین لە کەسانی زیندوو ؟**

وەڵام / داوای تکا و شەفاعەت لە کەسانی زیندوو دەکەین بۆ کاروبارەکانی دونیا ، خوای پایەبەرز فەرموویەتی : ﴿ مَّن يَشْفَعْ شَفَٰعَةً حَسَنَةً يَكُن لَّهُۥ نَصِيبٌ مِّنْهَا ۖ وَمَن يَشْفَعْ شَفَٰعَةً سَيِّئَةً يَكُن لَّهُۥ كِفْلٌ مِّنْهَا ﴿٨٥﴾ ﴾ - أي نَصيبٌ من وِزرِها - [النساء] .

واتە : هەرکەسێك تکا و شەفاعەتێکی چاك بکات - لە دونیادا - ئەوا بەشێك لە شەفاعەتی بۆ هەیە - لە قیامەتدا - ، وە هەرکەسێك شەفاعەتێکی خراپ بکات - لە دونیادا - ئەوا بەشێك لە تاوانی ئەو شەفاعەتەی بۆ هەیە - لە قیامەتدا - .

وە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((اشْفَعُوا تُؤْجَرُوا)) [صحيح البخاري رقم : (١٤٣٢) وصحيح مسلم رقم : (٢٦٢٧)] .

واتە : تکا و واسیطە و شەفاعەت بکەن - بۆ کەسانی تر لە کاری خێر و چاکەدا - ئەوا پاداشتان دەدرێتەوە .

## پ٧ / ئایا زیادە بخەینە سەر مەدح و وەسف کردنی پێغەمبەر (ﷺ) ؟

وەڵام / نەخێر زیادە ناخەینە سەر مەدح و وەسف کردنی پێغەمبەر (ﷺ) ، خوای پایەبەرز فەرموویەتی : ﴿قُلْ إِنَّمَآ أَنَا۠ بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ يُوحَىٰٓ إِلَيَّ أَنَّمَآ إِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ

وَٰحِدٞۖ فَمَن كَانَ يَرۡجُواْ لِقَآءَ رَبِّهِۦ فَلۡيَعۡمَلۡ عَمَلٗا صَٰلِحٗا وَلَا يُشۡرِكۡ بِعِبَادَةِ رَبِّهِۦٓ أَحَدَۢا ﴿١١٠﴾ [الكهف] .

**واتە : ئەی پێغەمبەر پێیان بڵێ : من تەنها مرۆڤێکم وەکو ئێوە بەڵام من (وەحیی / سروش)م بۆ دێت کەوا پەرستراوەکەی ئێوە تەنها یەك پەرستراوە ، جا هەر کەسێك ئومێدی ئەوەی هەیە کە بگاتە خوای پەروەردگاری ئەوا با کردەوەی چاکە بکات و لە پەرستنی پەروەردگاریدا کەس نەکات بە شەریکی .**

**وە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی :** ((لاَ تُطْرُونِي كَمَا أَطْرَتِ النَّصَارَى عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ ، فَقُولُوا : عَبْدُ اللَّهِ وَرَسُولُهُ)) . الإطراء : هو المبالغة في المدح ـ [صحيح البخاري رقم : (٣٤٤٥)] .

**واتە : زیادەڕەوی مەکەن لە مەدح و وەسف کردنمدا وەکو چۆن گاورەکان** (نَصاری) **زیادەڕەوییان کرد لە وەسفی** (عیسى)**ی کوڕی** (مَریَم)**دا ،**

چـونکه مـن تـەنها عەبـدی خـوام بۆیـە ئێـوەش بڵـێن : عەبـدی خـوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ)* .

❂ ❂ ❂

* ئەهلی سوننە باوەڕیان وایە کەوا (محمد ﷺ) : (عبدٌ لا يُعْبَد) واتە : عەبدی خوایە و نابێت بپەرسترێت ، (ورسولٌ يُطَاعُ ولا يُعصَى) واتە : لەگەڵ ئەوەشدا پێغەمبەری خوایە و دەبێت گوێڕایەڵی فەرمانەکانی بکرێت و سەرپێچی نەکرێت .        - وەرگێڕ -

# جیهاد و دۆستایەتی و حوکم کردن

## (الـجهاد والـولاء والـحكم)

**پ ١ / ئایا حـوکـمی جیهاد و تێکـۆشان لە پێناوی خوادا بریتـی‌یـە لـە چی ؟**

وەڵام / جیهاد و تێکۆشان لە پێناوی خوادا فەرزە بە ماڵ و گیان و زمان ، خـــوای پایەبـــەرز فەرموویـــەتی : ﴿ٱنفِرُواْ خِفَافًا وَثِقَالًا وَجَٰهِدُواْ بِأَمْوَٰلِكُمْ وَأَنفُسِكُمْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِۚ ذَٰلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ٤١﴾ [التوبة] .

واتە : دەرچن بۆ جیهاد لە کاتی پیری و لاویدا .. وە لە کـاتی تەنگانـە و کراوەیەتیدا .. وە لە کاتی گورجوگۆڵی و سستیدا .. وە لـە کـاتی گـەرمی و ساردیدا ، وە جیهاد بکەن و تێبکۆشن بـە مـاڵ و گیانتـان لـە پێنـاوی خـوادا ئەمە چاکترە بۆتان ئەگەر ئێوە دەزانن .

وە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((جَاهِدُوا الْمُشْرِكِينَ **بِـأَمْوَالِكُمْ وَأَنْفُسِكُمْ** وَأَلْسِنَتِكُمْ)) [صحيح أبي داود رقم : (٢٥٠٤)] .

واتە : جیهاد بکەن لەگەڵ موشریك و هاوەڵبڕیاردەرەکاندا بە ماڵ و گیان و زمانتان .

## پ٢ / ئایا دۆستایەتی (الوَلاء) بریتی‌یە لە چی ؟

وەڵام / دۆستایەتی بریتی‌یە لە : خۆشەویستی و پشتیوانی کردن و سەرخستن ، خوای پایەبەرز فەرموویەتی : ﴿ وَٱلۡمُؤۡمِنُونَ وَٱلۡمُؤۡمِنَٰتُ بَعۡضُهُمۡ أَوۡلِيَآءُ بَعۡضٖۚ ٧١ ﴾ [التوبة] .

واتە : پیاوانی ئیماندار و ئافرەتانی ئیماندار هەندێکیان دۆستی هەندێکی تریانن .

وە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((الْمُؤْمِنُ لِلْمُؤْمِنِ كَالْبُنْيَانِ يَشُدُّ بَعْضُهُ بَعْضًا)) [صحيح البخاري رقم : (٤٨١) وصحيح مسلم رقم : (٢٥٨٥)] .

واتە : ئیماندار بۆ ئیماندار وەکو بینا وایە هەندێکی هەندێکی تری توندوتۆڵ تر دەکات .

**پ٣ / ئایا دۆستایەتی و پشتیوانی کردن و سەرخستنی کافر و بێباوەڕەکان دروستە ؟**

وەڵام / نەخێر دۆستایەتی و پشتیوانی کردن و سەرخستنی کافر و بێباوەڕەکان دروست نییە ، خوای پایەبەرز فەرموویەتی : ﴿وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمْ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٢٣﴾﴾ [التوبة] .

واتە : هەرکەسێك لە ئێوە دۆستایەتی هەبێت بۆ ئەوان - واتە بۆ کافرەکان - ئەوا ئەو کەسانە کەسانێکی ستەمکارن .

وە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((إِنَّ آلَ بَنِي فُلانٍ لَيْسُوا بِأَوْلِيَائِي)) [صحيح البخاري رقم : (٥٩٩٠) وصحيح مسلم رقم : (٢١٥)] .

واتە : بنەماڵەی فلان لە دۆستانی من نین .

**پ٤ / ئایا وەلی و دۆستی خوا کێیە ؟**

وەڵام / دۆستی خوا بریتییە لە : کەسێکی ئیماندار و خۆپارێز لە تاوان و لە خوا ترس ، خوای پایەبەرز فەرموویەتی: ﴿أَلَآ إِنَّ أَوْلِيَآءَ ٱللَّهِ لَا

خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ ﴿٦٢﴾ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَكَانُواْ يَتَّقُونَ ﴿٦٣﴾ ﴾ [یونس] .

واتە : ئاگادار بە دۆستان و ئەولیاکانی خوا نە ترسیان لەسەرە و نە خەم و پەژارەشیان هەیە ، ئەوانەی کە ئیمانیان هێناوە و لە خوا دەترسن و خۆ پارێزی دەکەن لە تاوان .

وە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((إِنَّمَا وَلِيِّ اللَّهُ وَصَالِحُ الْمُؤْمِنِينَ)) [صحيح البخاري رقم : (٥٩٩٠) وصحيح مسلم رقم : (٢١٥)] .

واتە : بەڵکو دۆستی من بریتی‌یە لە خوا و ئیمانداره چاکەکان .

**پ٥ / ئایا موسڵمانان بە چی دادوەری و حوکمڕانی بکەن ؟**

وەڵام / موسڵمانان دادوەری و حوکمڕانی دەکەن بە قورئان و فەرموودە صەحیحەکانی پێغەمبەر (ﷺ) ، خوای پایەبەرز فەرموویەتی : ﴿ وَأَنِ ٱحۡكُم بَيۡنَهُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ ﴿٤٩﴾ ﴾ [المائدة] .

واتە : حوکمڕانی لە نێوانیاندا بکە بەوەی کە خوا دایبەزاندووە .

وە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((عَالِمَ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ أَنْتَ تَحْكُمُ بَيْنَ عِبَادِكَ)) [صحيح مسلم رقم : (٧٧٠)] .

واتە : ئەی خوای زانا بە شتە پەنهانی و بەرچاوەکان تۆ بە تەنها حوکمڕانی نێوان بەندەکانت دەکەیت .

# كردەوە كردن بە قورئان و سوننەت

**پ ١ / ئایا بۆ چی خوا قورئانی دابەزاندووە ؟**

وەڵام / خوا قورئانی دابەزاندووە بۆ ئەوەی كردەوەی پێبكرێت ، خوای پایەبەرز فەرموویەتی : ﴿ٱتَّبِعُواْ مَآ أُنزِلَ إِلَيۡكُم مِّن رَّبِّكُمۡ وَلَا تَتَّبِعُواْ مِن دُونِهِۦٓ أَوۡلِيَآءَۗ قَلِيلٗا مَّا تَذَكَّرُونَ ٣﴾ [الأعراف] .

واتە : شوێنی ئەوە بكەون كە لە لایەن خوای پەروەردگارتانەوە بۆتان دابەزێنراوە ، وە جگە لە خوا كەسانێكی تر مەكەن بە دۆستی خۆتان و شوێنی هەواوئارەزووەكانیان بكەون و وازبێنن لەو حەقەی كە لە خواوە بۆتان دابەزیووە ، ئێوە كەم جارێك بیردەكەنەوە !

وە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((اقْرَءُوا الْقُرْآنَ وَاعْمَلُوا بِهِ وَلَا تَأْكُلُوا بِهِ)) [صححهُ الألباني في صحيح الجامع الصغير رقم : (١١٦٨) وسلسلة الأحاديث الصحيحة رقم : (٢٦٠)] .

واتە : قورئان بخوێننەوە و کردەوەی پێبکەن و نانی پێمەخۆن و بە قورئان کاسپی مەکەن* .

## پ٢ / ئایا حوکمی کردەوە کردن بە فەرموودەی صەحیح چییە ؟

وەڵام / کردەوەکردن بە فەرموودەی صەحیح فەرز و واجبە ، خوای پایەبەرز فەرموویەتی : ﴿وَمَآ ءَاتَىٰكُمُ ٱلرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَىٰكُمۡ عَنۡهُ فَٱنتَهُواْۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۖ إِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلۡعِقَابِ ٧﴾ [الحشر] .

---

* **بیرخستنەوەیەك :** پێغەمبەر (ﷺ) سەبارەت بە قورئان فەرموویەتی : ((وَلَا تَأْكُلُوا بِهِ)) واتە : قورئان مەکەن بە وەسیلەیەك بۆ پارە پەیداکردن و نان دەرکردن و تیکە پێخواردن ! =

جا ئەگەر ئێمە بڕوانینە ڕەفتاری هەندێك لەو کەسانەی کەوا قورئان خوێندیان کردووە بە پیشە و وەسیلەی پارە و نان و ماڵ پەیدا کردن و لە تەعزێ و سەرقەبران و بۆنە ناشەرعییەکاندا قورئان بە پارە دەخوێنن ! دەبینین دەقاودەق ئەم فەرموودەیە دەسەلمێت بەسەریاندا ! ! !

هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((تَعَلَّمُوا القُرْآنَ ، وَسَلُوا اللهَ بِهِ الجَنَّةَ قَبْلَ أنْ يَتَعَلَّمَهُ قَوْمٌ **يَسأَلُونَ بِهِ الدُّنيا** ، فإنَّ القُرْآنَ يَتَعَلَّمُهُ ثلاثةٌ : رَجُلٌ يَباهِي بِهِ ، **ورجُلٌ يَسْتَأكِلُ بِهِ** ، وَرَجُلٌ يَقْرَأهُ لله)) [سلسلة الأحاديث الصحيحة رقم : (٢٥٨)] واتە : فێری قورئان ببن ، و داوای بەهەشتی پێ بکەن لە خوا پێش ئەوەی خەڵکانێك فێری ببن بۆ ئەوەی دونیای پێ داوا بکەن ، چونکە سێ کەس فێری قورئان دەبێت : پیاوێك شانازی پێوە دەکات ، و **پیاوێك پێی دەخوات ـ واتە : نان و خواردنی پێ دەردەکات ـ** ، وە پیاوێك دەیخوێنێت بۆ خوا . ـ وەرگێڕ ـ

واتە : ئەوەی کە پێغەمبەر هێناویەتی بۆتان ئێوە لێی وەربگرن و ئەوەشی کە قەدەغەی کردووە لێتان ئەوا وازی لێبێنن ، وە لە خوا بترسن و خۆپارێزی بکەن لە تاوان چونکە بە تەئکیدی سزای خوا توندە .

وە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((عَلَيْكُمْ بِسُنَّتِي وَسُنَّةِ الْخُلَفَاءِ الرَّاشِدِينَ الْمَهْدِيِّينَ تَمَسَّكُوا بِهَا ...)) [صحيح رواهُ أحمد رقم : (٤ / ١٢٦ - ١٢٧) ، صححهُ الألباني في صحيح الجامع الصغير رقم : (٢٥٤٩)] .

واتە : پەیوەست بن بە سوننەتی من و سوننەتی جێنیشینە ژیر و هۆشمەند و هیدایەتدراوەکانمەوە و دەستی پێوەبگرن .

**پ٣ / ئایا دەتوانین دەستبەرداری فەرموودە ببین بە دەست گرتن بە قورئانەوە ؟**

وەڵام / نەخێر ناتوانین دەستبەرداری فەرموودە ببین بە دەستگرتن بە قورئانەوە ! خوای پایەبەرز فەرموویەتی : ﴿وَأَنزَلْنَآ إِلَيْكَ ٱلذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٤٤﴾﴾ [النحل] .

واتە : ئێمە قورئانمان بۆ تۆ دابەزاندووە بۆ ئەوەی ڕوونی کەیتەوە بۆ خەڵك ئەوەی کە بۆیان دابەزیوە و بەڵکو بیربکەنەوە .

وە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((أَلَا إِنِّي أُوتِيتُ الْقُرْآنَ وَمِثْلَهُ مَعَهُ)) [صحيح أبي داود رقم : (٤٦٠٤) ـ ومسند أحمد رقم : (١٦٥٤٦) واللفظ لهُ ـ ] .

واتە : ئاگادار بن بە تەئکیدی من قورئان و هاوشێوەکەیم (واتە : فەرموودەکان) پێکەوە پێدراوە .

**پ٤ / ئایا هیچ قسەیەک پێش بخەین بە سەر فەرموودەی خوا و پێغەمبەرەکەیدا (ﷺ) ؟**

وەڵام / نەخێر هیچ قسەیەك پێش ناخەین بە سەر فەرموودەی خوا و پێغەمبەرەکەیدا (ﷺ) ، خوای پایەبەرز فەرموویەتی : ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تُقَدِّمُواْ بَيْنَ يَدَيِ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦۖ ﴿١﴾﴾ [الحجرات] .

واتە : ئەی ئەو کەسانەی کەوا ئیمانتان هێناوە هیچ قسە و گوفتارێك پێش مەخەن لە ئاست فەرموودەی خوا و پێغەمبەرەکەیدا (ﷺ) .

وە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((لَا طَاعَةَ لِمَخْلُوقٍ فِي مَعْصِيَةِ الْخَالِقِ)) [صحيح رواه الطبراني رقم : (١٤٧٩٥) ، صححهُ الألباني في صحيح الجامع الصغير رقم : (٧٥٢٠)] .

واتە : گوێڕایەڵی ناکرێت بۆ هیچ مەخلوق و دروستکراوێك لە سەرپێچی خوای بەدیهێنەردا .

وە (ابن عباس) فەرموویەتی : (أَخْشَى أَنْ تَنْزِلَ عَلَيْكُمْ حِجَارَةٌ مِنَ السَّمَاءِ ! أَقُولُ لَكُمْ : قَالَ رَسُولُ الله ، وَتَقُولُونَ : قَالَ أَبُو بَكْرٍ وَعُمَرَ !!!) .

واتە : دەترسم لە ئاسمانەوە بەرد داباریێتە سەرتان ! من دەڵێم : پێغەمبەری خوا فەرموویەتی ، کە چی ئێوە لە بەرامبەریدا دەڵێن : ئەبو بەکر و عومەر فەرموویانە* ! ! !

## پ٥ / ئەگەر جیاوازی کەوتە نێوانمانەوە ئایا چی بکەین ؟

وەڵام / ئەگەر جیاوازی کەوتە نێوانمانەوە ئەوا دەگەڕێینەوە بۆ لای قورئان و فەرموودە صەحیحەکانی پێغەمبەر (ﷺ) ، خوای پایەبەرز فەرموویەتی : ﴿فَإِن تَنَٰزَعۡتُمۡ فِي شَيۡءٖ فَرُدُّوهُ إِلَى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ إِن كُنتُمۡ تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِۚ ذَٰلِكَ خَيۡرٞ وَأَحۡسَنُ تَأۡوِيلًا ٥٩﴾ [النساء] .

---

* مەبەستی ئەوەیە کە قسەی (ئەبو بەکر و عومەر)یش پێش فەرموودەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ناخرێت و بە قسەی تانەنەت ئەوانیش بەرهەڵستی فەرموودەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ناکرێت و ڕەتناکرێتەوە ! چ جای قسە و گوفتار و کرداری کەسانێکی تر کە لە خوارووی (ئەبو بەکر و عومەر)ەوەن ! ! !

واتە : ئەگەر کێشە و ناکۆکی و جیاوازی کەوتە نێوانتانەوە

لە شتێکدا ئەوا بیگێڕنەوە بۆ لای خوا و پێغەمبەر [واتە : بۆ لای قورئان و فەرموودە صەحیحەکانی پێغەمبەر ﷺ] ئەگەر ئێوە ئیمانتان هەیە بە خوا و بە ڕۆژی دوایی ئا ئەم گێڕانەوەیە چاکترە و سەرئەنجامەکەشی باشترە .

وە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((عَلَيْكُمْ بِسُنَّتِي وَسُنَّةِ الْخُلَفَاءِ الرَّاشِدِينَ الْمَهْدِيِّينَ تَمَسَّكُوا بِهَا ...)) [صحيح رواهُ أحمد رقم : (٤ / ١٢٦ ـ ١٢٧) ، صححهُ الألباني في صحيح الجامع الصغير رقم : (٢٠٤٩)] .

واتە : پەیوەست بن بە سوننەتی من و سوننەتی جێنیشینە ژیر و هۆشمەند و هیدایەتدراوەکانمەوە و دەستی پێوەبگرن .

## پ٦ / ئایا چۆن خوا و پێغەمبەرەکەیت (ﷺ) خۆش دەوێت ؟

وەڵام / خوا و پێغەمبەرەکەیم (ﷺ) خۆش دەوێت بە گوێڕایەڵی کردنیان و بە شوێنکەوتنی فەرمانەکانیان ، خوای پایەبەرز فەرموویەتی : ﴿ قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ ٱللَّهَ فَٱتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ ٱللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ ۗ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٣١﴾ ﴾ [آل عمران] .

واتە : ئەی پێغەمبەر پێیان بڵێ : ئەگەر ئێوە خواتان

خۆشدەوێت ئەوا شوێنی من بکەون [لە پاداشتی ئەمەشدا] خوا خۆشتانی دەوێت و لە تاوانەکانتان خۆشدەبێت ، خوایش لێبووردە و بە بەزەییە .

وە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((لاَ يُؤْمِنُ أَحَدُكُمْ حَتَّى أَكُونَ أَحَبَّ إِلَيْهِ مِنْ وَالِدِهِ وَوَلَدِهِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ)) [متفق عليه / صحيح البخاري رقم : (١٥) وصحيح مسلم رقم : (٤٤)] .

واتە : هیچ کەسێك لە ئێوە ئیمانی نییە تاوەکو من خۆشەویستتر نەبم لە لای لە باوکی و لە منداڵەکانی و لە هەموو خەڵك .

## پ٧ / ئایا وازبێنین لە کردەوە کردن و پشت ببەستین بە قەدەر ؟

وەڵام / نەخێر وازناهێنین لە کردەوە کردن ، خوای پایەبەرز فەرموویەتی : ﴿فَأَمَّا مَنْ أَعْطَىٰ وَاتَّقَىٰ ﴿٥﴾ وَصَدَّقَ بِالْحُسْنَىٰ ﴿٦﴾ فَسَنُيَسِّرُهُ لِلْيُسْرَىٰ ﴿٧﴾﴾ [الليل] .

واتە : بەڵام ئەو کەسەی کەوا دەبەخشێت و خۆپارێزی دەکات لە تاوان و لە خوا دەترسێت ، وە باوەڕی هەیە بە (لا إلـهَ إلاَّ الله / واتە : هیچ پەرستراوێك نییە شایستەی پەرستن بێت جگە لە خوا ـ **الله** ـ) ، ئەوا هەموو چاکەکارییەکی بۆ ئاسان دەکەین و یارمەتی دەدەین بۆ ئەنجامدانی هەموو خێریك و دوورکەوتنەوە لە هەموو خراپەیەك .

وە پێغەمبـــەر (ﷺ) فەرموویـــەتی : ((اعْمَلُوا فكُلٌّ مُيَسَّرٌ لِمَا خُلِقَ لَهُ)) [صحيح البخاري رقم : (٤٩٤٩) وصحيح مسلم رقم : (٢٦٤٧)] .

واتە : کردەوە بکەن چونکە هەموو کەسێك بەڕێخراوە بۆ ئەوەی کە بۆی دروستکراوە .

## سوننەت و بیدعە

**پ ١ / ئایا لە دیندا بیدعەی چاك (بدعة حسنة) هەیە ؟!**

وەڵام / نەخێر لە دیندا بیدعەی چاك (بدعة حسنة) نیيە - بەڵکو هـەموو بیدعەیەك خراپە و گومڕاییـیە - ، بەڵگـەش خـوای پایەبـەرز فەرموویـەتی : ﴿ٱلۡيَوۡمَ أَكۡمَلۡتُ لَكُمۡ دِينَكُمۡ وَأَتۡمَمۡتُ عَلَيۡكُمۡ نِعۡمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلۡإِسۡلَٰمَ دِينٗاۚ ٣﴾ [المائدة] .

واتە : ئەمڕۆ من دینەکەتانم بۆ کامڵ کـرد و نیعمـەتی خـۆمم بـە تـــەواوی دابەسەرتانــا و بە ئیسـلامیـش ڕازی بووم

ببێت بە دین و ئایینتان .

وە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((كُلَّ بِدْعَةٍ ضَلاَلَةٌ وَكُلَّ ضَلاَلَةٍ فِي النَّارِ)) [صحيح رواه النسائي رقم : (١٥٨٩) ، صححهُ الألباني في صحيح سنن النسائي رقم : (١٥٧٨)] .

واتە : هەموو بیدعەیەك گومڕاییيە ، و هەموو گومڕاییيەكیش لە ئاگری دۆزەخدایە .

**پ٢ / ئایا بیدعە لە دیندا بریتیيە لە چی ؟**

وەڵام / بیدعە لە دیندا بریتیيە لەوەی كە زیادەیەك بخەیتە سەری یان نوقسانیيەكی تێدا بكەیت ، خوای پایەبەرز ئینكاری بیدعە كردنی كردووە لەسەر موشریك و هاوەڵبڕیاردەرەكان و فەرموویەتی : ﴿أَمْ لَهُمْ شُرَكَٰٓؤُاْ شَرَعُواْ لَهُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَنۢ بِهِ ٱللَّهُ ۚ ﴿٢١﴾﴾ [الشورى] .

واتە : موشریك و هاوەڵبڕیاردەرەكان چەندین شەریك و هاوەڵیان بۆ خۆیان داناوە كەوا شتانێكیان بۆ دەشرعێنن لە دیندا* لەوانەی كە خوا ڕێیەی پێنەداوە و پێی ڕازی نیيە .

---

* وەك شیرك و بیدعە و حەرامكردنی شتانێك كە خوا حەڵاڵی كردوون و حەڵاڵكردنی شتانێك كە خوا حەرامی كردوون بە پێی هەواوئارەزووی خۆیان .

وە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی :

((مَنْ أَحْدَثَ فِي أَمْرِنَا هَذَا مَا لَيْسَ مِنْهُ فَهُوَ رَدٌّ)) [صحيح البخاري رقم : (٢٦٩٧) وصحيح مسلم رقم : (١٧١٨)] .

واتە : هەرکەسێك شتێك ـ بیروباوەڕێك یان کردەوەیەك ـ لەم دینەی ئێمەدا دابهێنێت کە فەرمانی ئێمەی لەسەر نەبێت ئەوا ئەو شتە ڕەتدەکرێتەوە .

(رَدٌّ : غير مقبول ، واتە : قەبوڵ ناکرێت) .

## پ٣ / ئایا لە ئیسلامدا سوننەتی چاك (سُنَّة حَسنة) هەیە ؟

وەڵام / بەڵێ لە ئیسلامدا سوننەتی چاك (سُنَّة حَسنة) هەیە .

پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((مَنْ سَنَّ فِي الإِسْلامِ سُنَّةً حَسَنَةً فَلَهُ أَجْرُهَا وَأَجْرُ مَنْ عَمِلَ بِهَا بَعْدَهُ مِنْ غَيْرِ أَنْ يَنْقُصَ مِنْ أُجُورِهِمْ شَيْءٌ ...)) [صحيح مسلم رقم : (١٠١٧)] .

واتە : هەرکەسێك لە ئیسلامدا سوننەتێکی (واتە : کردەوەیەکی) چاك زیندوو بکاتەوە ئەوا پاداشتی ئەو کردەوەیەی دەست دەکەوێت و پاداشتی

ئەوانەش کەوا کردەوەی پێدەکەن لە دوای خۆی ، بە بێ ئەوەی لە پاداشتی ئەوان هیچ کەم بێتەوە .

### پ٤ / ئایا کەی موسڵمانان سەر دەکەون ؟

وەڵام / کاتێك موسڵمانان سەر دەکەون ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ لای پەیڕەوکردنی کتێبەکەی خوای پەروەردگاریان (قورئان) و سوننەتی پێغەمبەرەکەیان (ﷺ) ، و دەست بدەنە بڵاوکردنەوەی یەکخواپەرستی (نشر التوحید) ، و ئاگادار کردنەوە و وریاکردنەوەی خەڵکی لە شیرك بە هەموو شێوازەکانی‌یەوە ، و خۆیان ئامادە بکەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دووژمنەکانیان بەو هێزەی کە لە توانایاندا هەیە ، خوای پایەبەرز فەرموویەتی : ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن تَنصُرُواْ ٱللَّهَ يَنصُرۡكُمۡ وَيُثَبِّتۡ أَقۡدَامَكُمۡ ٧﴾ [مُحمَّد] .

واتە : ئەی ئەو کەسانەی کەوا ئیمانتان هەیە ئەگەر ئێوە دینەکەی خوا سەربخەن ئەوا خواش ئێوە سەردەخات و پێتان جێگیر دەکات .

هەروەها فەرموویەتی : ﴿وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنكُمۡ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَيَسۡتَخۡلِفَنَّهُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ كَمَا ٱسۡتَخۡلَفَ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمۡ

دِينَهُمُ ٱلَّذِى ٱرْتَضَىٰ لَهُمْ وَلَيُبَدِّلَنَّهُم مِّنۢ بَعْدِ خَوْفِهِمْ أَمْنًاۚ يَعْبُدُونَنِى لَا يُشْرِكُونَ بِى

شَيْـًٔاۚ ﴿٥٥﴾ [النور] .

واتە : خوا پەیمانی داوە بەو کەسانەی کە ئیمانیان هێناوە لە ئێوە و کردەوەی چاکە دەکەن کەوا نیشتەجێ و جێگیریان بکات لە زەویدا هەروەکو چۆن ئەوانەی پێش ئەوانی نیشتەجێ و جێگیر کرد و دینەکەیان بۆ جێگیر و دامەزراو بکات ئەو دینەی کەوا ڕازی بووە پێی بۆتان و لە دوای ئەوە ئەو ترسەی کە هەیانە بۆیان بگۆڕێتەوە بە ئەمن و ئاسایش بۆ ئەوەی بە تەنها من بپەرستن و هیچ شیرکم بۆ ئەنجامنەدەن .

❁ ❁ ❁

# دوعای گیرا

پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((مَا أَصَابَ أَحَداً هَمٌّ وَلَا حَزَنٌ فَقَالَ :

**اللَّهُمَّ إِنِّي عَبْدُكَ ، وَابْنُ عَبْدِكَ ، وَابْنُ أَمَتِكَ ، نَاصِيَتِي بِيَدِكَ ، مَاضٍ فِيَّ حُكْمُكَ ، عَدْلٌ فِيَّ قَضَاؤُكَ ، أَسْأَلُكَ بِكُلِّ اسْمٍ هُوَ لَكَ ، سَمَّيْتَ بِهِ نَفْسَكَ ، أَوْ عَلَّمْتَهُ أَحَدَاً مِنْ خَلْقِكَ ، أَوْ أَنْزَلْتَهُ فِي كِتَابِكَ ، أَوْ اسْتَأْثَرْتَ بِهِ فِي عِلْمِ الْغَيْبِ عِنْدَكَ ، أَنْ تَجْعَلَ الْقُرْآنَ رَبِيعَ قَلْبِي وَنُورَ صَدْرِي وَجَلاءَ حُزْنِي وَذَهَابَ هَمِّي .**

إِلَّا أَذْهَبَ اللهُ هَمَّهُ وَحُزْنَهُ وَأَبْدَلَهُ مَكَانَهُ فَرَجَاً)) [صحيح رواهُ أحمد رقم : (١ / ٣٩١) ، صححهُ الألباني في سلسلة الأحاديث الصحيحة رقم : (١٩٩)] .

واتە : هەرکەسێك غەم و پەژارە و ناڕەحەتی‌یەکی تووش ببێت و بڵێت :

خوایە من بەندەی تۆم ، وە کوڕی پیاوێکم کە بەندەی تۆیە ، وە کوڕی ئافرەتێکم کە بەندەی تۆیە ، پێشەسەرم لە دەستی تۆدایە ، حوکمی تۆ بەسەرمدا پەیڕەوکراوە ، بڕیاری تۆ بەسەرمدا ڕاست و دادپەروەرانەیە ، داوات لێدەکەم بە هەموو ناوێك کە ناوی خۆتت پێ‌ناوە ، یان فێری کەسێکت کردووە لە دروستکراوەکانت ، یان داتبەزاندووە لە کتێبەکەتدا ، یان تایبەتت

کردووە بە خۆتەوە لە زانستی غەیبدا لای خۆت ، کەوا قورئان بکەیت بە بەهاری دڵم و رووناکی سێنگم و هەڵگری پەژارەم و لابەری غەمم .

ئیللا خوا غەم و پەژارەی لادەبات و لە جێی ئەوەدا دەیگۆڕێتەوە بە دڵ فراوانی .

❁ ❁ ❁

## ناوەڕۆك


پێشەكی چاپی حەوتەم ........................ ٣

پێشەكی وەرگێڕ ........................ ٤

پێشەكی دانەر ........................ ٦

مافی خوا لەسەر بەندەكانی ........................ ١١

جۆرەكانی یەكخواپەرستی و سوودەكانی ........................ ١٩

مەرجەكانی وەرگرتن و قبوڵكردنی كردەوە ........................ ١٥

شیركی گەورە ........................ ٢١

جورەكانی شیركی گەورە ........................ ٢٧

شیركی بچووك ........................ ٣٩

تەوەسول و داوای شەفاعەت و تكاكردن ........................ ٤٢

جیهاد و دۆستایەتی و حوكم كردن ........................ ٥٢

كردەوە كردن بە قورئان و سوننەت ........................ ٥٦

سوننەت و بیدعە .................................... ٦٣
دوعای گیرا .................................... ٦٨
ناوەڕۆك .................................... ٧٠

# بەرهەمەکانی وەرگێڕ

١ ـ **سێ بنچنەکەی بیروباوەڕ و بەڵگەکانیان** ـ چاپی هەژدەیەم ـ .

٢ ـ **بیروباوەڕت وەربگرە لە قورئان و سوننەت** ـ چاپی سی و دووەم ـ .

٣ ـ **پوختەیەك لە بیروباوەڕی ئیسلامەتی** ـ چاپی بیستەم ـ .

٤ ـ **پاك و خاوینی** ـ چاپی دەیەم ـ .

٥ ـ **برایەتی نێوان موسڵمانان** ... ـ چاپی چواردەیەم ـ .

٦ ـ **لەگەڵ کێدا دادەنیشیت و هاوڕێیەتی کێ دەکەیت ؟** ـ چاپی بیست و دوویەم ـ .

٧ ـ **چۆنێتی قوربانی کردن لە سەردەمی پێغەمبەردا** (ﷺ) ـ چاپی شەشەم ـ .

٨ ـ **کاتی پارشێو و بەربانگ کردن لە سەردەمی پێغەمبەردا** (ﷺ) ـ چاپی پێنجەم ـ .

٩ ـ **حوکم و ئادابەکانی قـەرزدان و قـەرزکردن و قەرزدانـەوە** .. ـ چاپی چوارەم ـ .

١٠ ـ **فەتوای گـەورە زانایانی هاوچەرخی ئـەهلی سوننـە و جەماعـە سەبارەت بە حوکمی حزبایەتی و جیاوازی و پارچە پارچـەگەرێتی** ـ چاپی سێیەم ـ .

١١ ـ **لە ئیسلامدا چەندین گروپ و حیزب نییە بەڵکو کۆمەڵی موسڵمانان و خەلیفە هەیە** ـ چاپی یەکەم ـ .

١٢ ـ **حوکمی کۆمەڵ و حزبە ئیسلامییەکان لە نێو کۆمەڵگای موسـلمانانـدا / فەتوای هەردوو شێخ : ( ابن باز ) و ( ابن العثیمین )** ـ چاپی یەکەم ـ .

١٣ ـ **ئایا لەم دەرگایەت داوە ؟** (پاڕانەوە لە خوای پـەروەردگار) ـ چاپی شانزەیەم ـ .

١٤ ـ **فەزڵ و گەورەیی و حوکمەکانی دە ڕۆژی یەکەمی مانگی حاجیـان لـە سوننەتی پیرۆزی پێغەمبەردا** (ﷺ) ـ چاپی حەوتەم ـ .

## * زنجیرەی ئافرەت لە سایەی ئیسلامدا :

١٥ ـ یەکەم : **ئافرەتان و فێربوونی زانستی شەرعی** ـ چاپی دوازەیەم ـ

.

١٦ ـ دووەم : **زانا ترین ئافرەتی دونیا** ـ چاپی دوازەیەم ـ .

١٧ ـ سێیەم : **لە دایك بوونی کچان و سەرهەڵدانەوەی خەصڵەتێکی سەردەمی نەفامی و جاهلی لە سەدەی پێشکەوتووی بیست و یەکدا !!! ـ** چاپی دوازەیەم ـ .

## * زنجیرەی بابەتە مەنهەجییەکان :

١٨ ـ یەکەم : **گەڕانەوە بۆ لای زانایانی ئەهلی سوننە پارێزەرە لە تیاچوون و گومڕابوون** ـ چاپی سێیەم ـ .

١٩ ـ دووەم : **لە بناماکانی بیروباوەڕی ئەهلی سوننە و جەماعە : خۆشویستنی زانایان و بە چاکە باسکردنیانە** ... ـ چاپی دووەم ـ .

٢٠ ـ سێیەم : **زانایانی ئەهلی سوننە و جەماعەی سەردەم دەڵێن : حزبایەتی بیدعەیە** ـ چاپی دووەم ـ .

٢١ ـ چوارەم : **بۆ چی و لەبەر چی زانایانی ئەهلی سوننە و جەماعە و سەلەفییەکان دەڵێن : حزبایەتی بیدعەیە ؟ وە ئەحزاب و**

**جەماعاتە ئیسلامی یەکان بە گشتی و جەماعەتی (الإخوان المسلمین) بە تایبەتی لە ئەهلی سوننە نین بەڵکو ئەهلی بیدعەن** ؟؟؟ چاپی یەکەم ـ .

٢٢ ـ **پشکێك لە میراتەکەی پێغەمبەر** (ﷺ) ـ چاپی شەشەم ـ .

٢٣ ـ **چل فەرموودەکەی نەووەوی** (الأربعون النووية) ـ چاپی پێنجەم ـ .

٢٤ ـ **وەڵامی پرسیارە شەرعی یەکانی سایتی بەهەشت** ـ چاپی دووەم ـ .

٢٥ ـ **تەفسیری سورەتی فاتیحە** ـ چاپی شەشەم ـ .

٢٦ ـ **(وانە گرنگەکان بۆ تێکڕای موسڵمانان / الدروس المهمة لعامة الأمة)** ـ چاپی شەشەم ـ .

٢٧ ـ **وتەی زانایانی مەزهەبی ئیمامی شافعی ڕەحمەتی خوایان لێبێت سەبارەت بە کات و شوێن و شێوازی سەرەخۆشی کردن و پرسە و تەعزێ گێڕان** ـ چاپی سێیەم ـ .

٢٨ ـ **توێشووی بانگخواز بۆ لای خوای گەورە** ـ چاپی دووەم ـ .

*** لەو بەرهەمانەی تر کە کاریان بۆ دەکەم** :

ـ **قەڵای بیروباوەڕ و یەکخوا پەرستی** ـ وەرگێڕانی چەندین کتێب ـ .

ـ **مەرجەکانی بالاّ پۆشی شەرعی ئافرەتی موسڵمان و هەندێك بابەتی پەیوەندیداری تریش** .

ـ **چۆنێتی شۆردن و کفن کردن و نوێژ کردن و ناشتنی مردوو / لەگەڵ ئەحکامەکانی تەعزێ و تەعزێباری لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ)** .

ــ **باخچەی پیاوچاکان لە فەرموودەی سەروەری پێغەمبەران (ﷺ)**
وەرگێڕانی : (رياضُ الصالحين من حديث سيد المرسلين ﷺ) .

﴿ وَقَالَ رَبُّكُمُ ٱدۡعُونِيٓ أَسۡتَجِبۡ لَكُمۡ ﴾

**﴿ رَبِّ أَعِنِّي وَلاَ تُعِنْ عَلَيَّ ، وَانْصُرْنِي وَلاَ تَنْصُرْ عَلَيَّ ، وَامْكُرْ لِي وَلاَ تَمْكُرْ عَلَيَّ ، وَاهْدِنِي وَيَسِّرْ هُدَايَ إِلَيَّ ، وَانْصُرْنِي عَلَى مَنْ بَغَى عَلَيَّ .. اللَّهُمَّ اجْعَلْنِي لَكَ شَاكِرًا ، لَكَ ذَاكِرًا ، لَكَ رَاهِبًا ، لَكَ مِطْوَاعًا ، إِلَيْكَ مُخْبِتًا أَوْ مُنِيبًا .. رَبِّ تَقَبَّلْ تَوْبَتِي ، وَاغْسِلْ حَوْبَتِي ، وَأَجِبْ دَعْوَتِي ، وَثَبِّتْ حُجَّتِي ، وَاهْدِ قَلْبِي ، وَسَدِّدْ لِسَانِي ، وَاسْلُلْ سَخِيمَةَ قَلْبِي ﴾**